تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

دیوانی شێخ حەمە مارف مەریوانی

کۆکردنەوەی: سەیید عیرفان خالیدی

انتشارات ئەوین

دیـــوانی

[redacted]

مەریوانی

دیوانی شێخ حەمەمارف مەریوانی

به کردوکۆشی(کۆکردنەوە و راستکردنەوەی شیعرەکان): **سەیید عیرفان خالیدی**

پێداچوونەوە و هەڵەگری و رازاندنەوەی لاپەڕەکان: **بەرزان حسەینی**

تەرحی رووبەرگ: **سەعید سوبحانی**

چاپی یەکەم، ۱۳۹۲ ی کۆچی هەتاوی

ISBN: 978-600-6814-13-1

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوین:

مەریوان – کۆتایی شەقامی مەردۆخ   تەلەفوون: ۳۲۲۶۶۶۴ ۰۸۷۵- ۰۹۱۸۷۷۵۴۴۰۴

Web: www.awinbook.com   Email: awin9804@gmail.com

سرشناسه	: مارفی مریوانی، محمد
عنوان قراردادی	: دیوان. کردی
عنوان و نام پدیدآور	: دیوانی شیخ حەمە مارفیمەریوانی/ گردآورنده عرفان خالدی.
مشخصات نشر	: کردستان: ئەوین، ۱۳۹۲.
مشخصات ظاهری	: ۹۲ ص.: ۴۰۰۰۰ ریال
شابک	: 978-600-6814-13-1
وضعیت فهرست نویسی	: فیپا
یادداشت	: کردی.
موضوع	: شعر کردی — قرن ۱۴
شناسه افزوده	: خالدی، عرفان، ۱۳۵۲ -، گردآورنده
رده بندی کنگره	: ۱۳۹۲ ۲م۷۴۳س/ PIR۳۲۵۶
رده بندی دیویی	: ۸فا۹/۲۱
شماره کتابشناسی ملی	: ۳۱۱۰۷۶۱

دیـــوانـی شێخ حەمەمارف
مـەریـوانـی

به کردوکۆشی:
(کۆکردنەوە و راستکردنەوەی شیعرەکان)

سەیید عیرفان خالیدی

انتشارات ئەوین

Awin Publications

ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوین

پێشکەش بە :

سەرجەم ئەوینداران و لایەنگرانی ئەدەب و فەرهەنگی کورد؛ بەتایبەت ئەوانەی کە تامەزرۆی شیعرەکان و قسە خۆشەکانی مامۆستا شێخ حەمەمارفی مەریوانین!

هەستی پێزانینی خۆیشم بەم شێوەیە بەرامبەر بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ پێگەیشتنی ئەم بەرهەمە یارمەتیان دام؛ بەتایبەت کورەکانی مامۆستا شێخ حەمەمارف، کاک موحەممەد و کاک هیوای حەسەنی دەرئەبڕم!

ناوەڕۆک

پێشەکی(ژیان‌نامەی مامۆستا شێخ حەمە مارف حەسەنی مەریوانی)................ ٦

بەشی کوردی

وتوویژ لە تەک دەوەن ١٤
وەڵامی دەوەن.................. ١٦
لایە لایەی خێزانم................ ٢٠
سکاڵا لە دەس چەرخ ٢٤
شانۆی یەکەم.................. ٢٦
شانۆی دووهەم.................. ٢٩
شانۆی سێهەم.................. ٣٠
ئازادیخواز.................. ٣١
ئاواتی دڵ.................. ٣٧
هەواڵی شاعیر.................. ٣٩
خوا لاماندا لە کەر.............. ٤٠
شەڕنامە.................. ٤٢
بۆچی ناخەوم.................. ٤٧
جووتیاری و فەلا.................. ٤٨
مەڕ و بەرخ.................. ٥١
پیری دەسگیر.................. ٥٥
عەیش و نۆش.................. ٥٧
دارە بن.................. ٥٨
شەڕی ئێران و ئێراق.......... ٦٤
گلەیی و قەسەم‌نامە.......... ٦٨
داخی داخانم.................. ٧٢
شەهید.................. ٧٤
بەرخۆلە.................. ٧٥
تەبێعەت.................. ٧٦
مامە.................. ٧٧
زانا.................. ٧٨

بەشی فارسی

دوبیتی.................. ٨١
تک بیتی.................. ٨١
روستایی.................. ٨٢
حکایت.................. ٨٥
سال ٨٤ می‌آید.................. ٨٨
نموونەی دەستخەت و وێنەکێشی شاعیر.................. ٩٠

پێشەکی (ژیان‌نامەی مامۆستا شێخ حەمە مارف حەسەنی)

مەریوان، مەڵبەندی شاعیران، رووناکبیران، نووسەران و خواناسانی کوردستان بووە. بەدرێژایی مێژوو تا ئێستا دەیان ڕۆڵەی بلیمەتی لە داوێنی خۆیدا بارهێناوە و بۆ خزمەت مرۆڤایەتی بە عام و کۆمەڵی کوردەواری بە تایبەت، پەروەردەی کردووە و ڕەوانەی مەیدانی کردەوەی کردوون. تا وەک بەرپرسێکی دڵسۆز و تا ئەو جێگەی لە ورە و توانایان‌دا بووبێ، بە گەلی کوردی هەژار خزمەتی بێ‌وچان بکەن.

ئەم ناوچە سەرسەوز و شاخاویە بۆتە جێگای دەیان شاعیر و نووسەر و مامۆستایانی ئایینی کە بە کەلام و نووسینی جوان، باخی ژیانیان رازاندووەتەوە و خزمەتی فەرهەنگ و ئەدب و ئایینی خۆیان کردووە. یەکێ لەو شاعیر و ڕووناکبیر و خاوەن‌هۆشانەی شاری مەریوان، مامۆستا شێخ حەمە مارف حەسەنی بووە کە لە ماوەی ژیانیدا، گەلێک خزمەتی بە شێعر و ئەدەبی کوردی کردووە.

مامۆستا شێخ حەمە مارف کوڕی شێخ فەتاح، کوڕی شێخ قادر، کوڕی شێخ حامد، کوڕی شێخ عبدالکریم، کوڕی شێخ عبدالرحمن، کوڕی شێخ شمس‌الدین دوم، کوڕی شێخ عبدالغفار دوم، کوڕی شێخ شمس‌الدین ئەوەڵ، کوڕی شێخ عبدالغفاری ئەوەڵ، کوڕی مەلا گوشایش، کوڕی شێخ مەحەمەد مەردۆخی‌یە. ئەم زاتانە شەجەرەی نەسەبیان هەیە تا ئەگاتە لای حەزرەتی ئیمام حەسەن کوڕی ئیمام عەلی (خ).[1]

---

١. مدرس، عبدالکریم، بنەماڵەی زانیاران ص ١١٦، چاپخانەی شەفەق، چاپی یەکەم، ١٩٨٤

مامۆستا شێخ حەمەمارف حەسەنی لە شەشەمین ڕۆژی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٠٦ کۆچی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ناوداری کوردستان (مەردۆخی) لە ئاوایی بەردەڕەشەی مەریوان هاتووەتە دونیاوە. هەر لە منداڵییەوە لە خزمەت باوکیدا خوێندویەتیو قورئان و موقەددەمات تەواو دەکا. ئەمجار بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی کوردستانی باشوور (ئێراق) دەبێت و لە کەرکوک دەگیرسێتەوە و لە مزگەوتی حەسەن مەکی، عولومی عەقڵی و نەقڵی دەخوێنێت. پاش ماوەیێک دەگەڕێتەوە خزمەت باوکی و زانستی (منطق) تەواو دەکا. دوای ماوەییێک بۆ دووەمینجار دەڕوات بۆ باشووری کوردستان و لە پێنجوێن لە خزمەت مامۆستا مەلا ئیسماعیل پێنجوێنی (مختصر کتاب علم و بیان، جمع‌الجوامع، تفسیر بیضاوی و ...) دەخوێنێت و هەر لە خزمەت ئەم مامۆستا گەورەیە خوێندن تەواو دەکات و ئیجازەنامە وەردەگرێ و دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان ئەبێت بە مامۆستا لە جێی باوکیدا.

ساڵی ١٣٢٢ کۆچی هەتاوی لەگەل مەحبوبە خانم کچی مامۆستا شێخ عارف درگاشێخان ئیزدواج دەکا و دوو منداڵی بە ناوەکانی موحەممەد و فاتمە لێ بووە. پاشان بە نەخۆشین مردووە. لە دوای مەرگی ئەو خانمە، کچێکی دیکەی مامۆستا بە ناوی مەلیحە خانم هانیوە و لەویش دوو منداڵی بە ناوەکانی لەتیف و بورهان لێ بووە. پاش مەرگی ئەم خانمەیش بە نەخۆشین، لە ساڵی ١٣٣٤ کۆچی هەتاوی لەگەل حەسیبە خانم کچی مامۆستا و زانای پایەبەرز حاجی سەیید بابەشێخ ئاڵمانە ئیزدواج دەکا و پێنج منداڵیشی بە ناوەکانی پرشنگ، گەلاوێژ، چنوور، هیوا و کاوە لەو بووە.

مامۆستا ساڵێک لە گوندی بەردەڕەشە مودەڕیس بووە، ئەمجار بە یەکجاری گوندەکەی خۆیان بەجێ دێڵێت و بەرەو مەریوان کۆچ دەکا و لە گەڕەکی هەژارە ماڵێک دەسێنێت. دەست لە مەلایەتی هەڵدەگرێت و پیشەی خەیاتی بۆ خۆی هەڵئەبژێرێت.

مامۆستا شێخ حەمەمارف لەگەل مامۆستا سەیید عەلی خالیدی نێ، شێخ ئەحمەدی کانیمیران، مەلاکەریم بناوەچلە، مەلاکەریم سەردۆش، مەلا

موحەممەد جەوانرودی، شێخ عوسمان خالیدی، شێخ لەتیف شێخ‌الاسلامی، شێخ رەشید حەسەینی، شێخ لەتیف خالیدی، سەیید عومەر خالیدی و ... دۆست بووە و بەسەرهاتی خۆشیان پێکەوە هەیە.

لەگەل مامۆستایان شێخ ئەحمەدی کانی‌میران و مەلاکەریم بناوەچلە دەڕۆن بۆ بیارە بۆ خزمەتی حەزرەتی شێخ عوسمان نەقشبەندی، شێخ ئیجازە نادات کە مامۆستا بگەڕێتەوە و داوای لێ ئەکا ببێ بە کاتیبی، ئەویش قەبوولی ئەکا. جارێک پێنوسێکی بە خەلات پێ‌ئەدا نامەیەکیشی بۆ ئەنووسێ، شێخ حەمە مارفی شاعیریش لە وەلاما ئەنووسێت:

پیری دەسگیرم سەرکۆماری دین
سەرچاوەی کانی سازگاری ژین

پێ‌نوست رازی دلم ئەنووسێ
چاوم بە فرمێسک دووریت ئەخووسێ

هەرکات ئارەزووی خزمەت بێتەبەر
لە لوولەی دەروون دووکەل دێتە سەر

رجام ئەوەیە شای شیرین کەلام
لە بیرت نەچم باقی والسلام

پاش چەند سال ئەگەڕێتەوە بۆ ئێران و ئەمجارە دەچێت بۆ تاران و لە ئێزگەی رادیۆ تاران بەشی تەرجەمەی زمانی عەرەبی و بەشی کوردی، ئیش دەکات و لە سەر ئەو کارە چوار سال دەمێنێتەوە تا سالی ١٣٥٧ کۆچی هەتاوی، بە دەستپێکرانی خەباتی خەلکی ئێران دژی رژیمی پاشایەتی، تێکۆشانی خۆی پەرە پێ‌ئەدا و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە ئێزگەی رادیۆ مەریوان دەست بە کار ئەکات، کە لە ئاگادار کردنەوەی خەلک ڕولێکی بەرچاوی گێڕاوە.

مامۆستا سالی ١٣٥٩ کۆچی هەتاوی بە مالۆ دەچێت بۆ کوردستانی ئێراق تا سالی ١٣٦٢ دەمێنێتەوە. پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ بانە، لە دوای سالێک ئەچێت

بۆ سنه و تا ساڵی ١٣٦٤ ئەمێنێتوه. ئەمجار بە یەکجاری ئەگەڕێتەوه بۆ زێدی خۆی، واتە مەریوان.

مامۆستا شێخ حەمەمارف ساڵی ١٣٦٢ تا ١٣٦٨ کۆچی هەتاوی لە دەبیرستانەکانی مەریوان و سەوڵاوا و نێ، تەدریس ئەدەبیات عەرەبی و فارسی دەکات. پاش چووار ساڵ ئیش کردن جووابی ئەکەن.

مامۆستا پاش جوواب کردن لەو کارە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی روو دەکاتە شۆرای رۆحانییەت و لەوێدا بە تەدریسی عولومی عەقڵی و نەقڵی مەشغوڵ دەبێت و لە ساڵی ١٣٦٩ کۆچی هەتاوی، تا ساڵی ١٣٧٥ چەندین تەلەبە لە خزمەتیا دەخوێنن و ئیجازە مامۆستایی وەردەگرن.

لەم کەسایەتییە بەڕێزە ئەمرۆ دەیان و سەدان قسەی خۆش و خاترەی باش ئەگێڕنەوه، بۆ نموونە: رۆژێک تەلەبەیە لێی دەپرسێ: ئینسان لە خاکوخۆڵ درووس بوە یا لە گڵ؟ مامۆستا دەڵێ: لە خاکوخۆڵ. تەلەبە ئینکاری دەکا و ئەڵێ: نەخەیر لە گڵ. مامۆستا لەوەڵاما دەڵێ: ئەگەر لە گڵ خەلق بووایە، ئەم هەموو درز و کونەی تیانەئەبوو!

مامۆستا شێخ حەمەمارف، پیاوێکی زانا، خۆشخەت، وێنەکێش، رووناکبیر و تێکۆشەرێکی نیشتمانپەروەر و خاوەنی هەستێکی یەکجار ناسکی شاعیرانە بووە. دژ بە خورافات و باوەڕی پووچ، بە شیعر و وتار بەربەرەکانێی دەکرد. لە زۆربەی هەڵبەستەکانی‌دا، گەلی کورد بۆ فێربوونی عیلم و زانست هان دەدا. بۆ نموونە دەڵێت:

ئاخـــەرین پەنـــدم زۆر پایـــەبـــەرزە
بـــۆ نیگـــاداری، جێگـــای ئـــەو مـــەغزە

تـــۆ و کاکـــت بـــڕۆن خوێنـــدن بخـــوێنن
مـــافی گـــەل و هـــۆز خۆتـــان بســـێنن

بـــە خوێنـــدن هـــەموو دەرد ئـــەبێ چـــارە
بێســـەواد وەکـــوو کـــوێری بێـــدارە

مامۆستا هۆگری شاعیرانی بەناوبانگی کوردستان (قانێع، بێسارانی، مەولەوی، بێکەس و شێخ رەزای تاڵەبانی) بووە و شیعرە جوانەکانیان شوێنێکی یەکجار بەنرخیان لە سەر بیروڕای ئەو داناوە. بۆ نموونە ئەتوانین بڵێین کە مامۆستا لە شیعری (ئاواتی دڵ) لە شاعیری گەورەی کورد مامۆستا قانێع (خوزگەی قانێع) و لە شێعری (لایە لایەی خێزانم) لە شیعری لایە لایەی مامۆستا فایەق بێکەس ئیلهامی وەرگرتووە.

مامۆستا لە زۆربەی کۆنگرە و کۆڕەکان کە بۆ شاعیران و نووسەران و زانایانی ئایینی دەگیرا، بە وتار و سوخەنڕانی بەشداری دەکرد و کۆڕەکانی بە قسە بەنرخەکانی دەڕازاندەوە. بۆ نموونە سەبارەت بە مامۆستا فایەق بێکەس دەڵێت:

"ئەڕوین بۆلای یارانی خاوەنهەست، یارانێ کە وتاریان هەموو جامێکە لێوانڕێژ لە بادەی ئەلەست، کە دڵی هەرکەس ئەخاتە نەشئە؛ بەڵام زۆرجاریش وتارەکانیان تاڵاوێک بووە، چووە بە گەڵووی زۆردارانا و بەمبۆنەوە لە بارەگایان بێکەسی هێشتوون. ئەو بێکەسانەی کە کەسی هەموو کەسن، هەرچەن بەڕووالەت بێکەسن، ئەو بێکەسانە کە وەتەن رواڵەتگایان بووە بۆ ئەوینی و گڵپەی لە دەروونیانۆ هەڵساندووە. گڕ و گڵپەیەک کە هەتاهەتایە هەر ئەگرێ و ڕێی ئەویندارانی نیشتمان روون ئەکاتەوە، جا لەم پەروازەدا لە هەوارگەی ئەو کەسە سەر ئەدەین کە وەتەن کەسی بووە. مەبەست بێکەسە، کە بە بێکەسی بە سەر کەسدارا فایەق بووە، و لە باخی پڕ گوڵاڵەی فایەق بێکەس گوڵێک ئەچنین و بە دیاری پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویستی ئەکەین."

مامۆستا لە دووهەمین کۆنگەرەی مامۆستا بێسارانی، بە وتار بەشداری ئەکا و دەڵێ:

"بە ناشوکری ناڵێم؛ بەڵکوو گلەییم هەیە لە یاسای چارەنووس کە دوو چین لە ناو ئێمەدا بە داماوی ژیاون؛ یەکەم مامۆستا، دووەم شاعیر، جا بەداخەوە بێسارانی هەردووکیان بووە!"

ئەم زانایە بە کوردی و فارسی شیعری داناوە و شاعیرێکی توانا و لێزان بووە. لە ناو شیعرەکانیدا زەرافەت و سەلیقەیەکی هەرەبەرزی شاعێرانەیان تێدا بەکار هاتووە، شاعیرێکی بەرپرس و مرۆڤێکی ئازادیخواز بووە و شیعرە نیشتمانییەکان و کۆمەڵایەتییەکان و تەنزەکانی، بەڵگەی روون و پێشکەوتووخوازانەی ئەون.

لە شیعری مامۆستا بۆ گۆرانی کەڵک وەرگیراوە. ئەتوانین ئیشارە بکەین بە شیعری عەیش و نۆش(خرخاڵی خرخاڵی، ناسکونۆڵو مندالی. کیژێ شەلا تۆم بووایە، دوو شەوان بە حەڵاڵی) کە لەلایەن هونەرمەند کاک "ناسری رەزازی"یەوە خوێندراوە.

لە کۆچی مێژوویی شاری مەریوان بەرەو ئاوایی کانیمیران، شیعرێکی بەناو (بانگی نیشتمان) وتووە. لە شیعری (بۆچی ناخەوم) وێنەییک لە سەردەمی ژیانی پڕ لە دەرد و مەینەتی خۆی هێناوەتە ڕوو و دەڵێ:

نـــازانم ئەمشـــەو بـــۆچی ناخـــەوم
لـــە دالْغـــەو و خـــەیاڵ ســـاتێ ناکـــەوم

نـــازانم بـــۆچی خـــەوم ڕەویـــوە
دونیـای سـەنگینم لـە سـەر سـەپیوە

لە نووسینی تەنز دەستێکی باڵا و توانای هەبووە، بۆ نموونە ئەتوانین ئیشارە بکەین بە شیعری (خوا لاماندا لە کەر) و (شەڕنامە) و .... .

مامۆستا لە ناو شیعرەکانیدا، دووجار لە نازناوی (ژاکاو) کەڵکی وەرگرتوە و دەڵێ:

لە نێو ئەم هەموو لار و ناپاکە

گەرەکتە بڵێی "ژاکاو" مەژاکە؟

یان لە شیعری "زانا"دا دەڵێت:

" ژاکـــاو " مەبەستی ئەو کەسانەیە

بە چاک و مێزەر خۆی کردوە دیاری

مامۆستا لە ساڵی ١٣٧٦ کۆچی هەتاوی بۆ سەردانی دوکتور دەچێتە سنە و پارەیێکی زۆری لێ دەسێنن، بە دوکتور ئەڵێت: ئەزانی فەرقی دوکتور و قابیز چییە؟ دوکتور ئەڵێت: نەخەیر! مامۆستا ئەڵێت: قابیز فەقەت گیانت ئەکێشێ؛ بەڵام دوکتور ماڵ و گیانت!

هەر لەو ساڵەدا تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی کەبەد(جگەر) ئەبێ و ئێش و ژان ئۆقرەی لێ ئەبڕێ. هەوڵێکی زۆر ئەدا؛ بەڵام چارە و عیلاجی نابێ. بەداخەوە شاعیری ناسکهەست و نیشتمانپەروەر لە ئاخرین ڕۆژی مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٧ کۆچی هەتاوی بۆ هەمیشە چاوی لێک دەنێ و ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی دەکا و لە تەنیشت باوکیدا لە ناو باخی خۆیان لە بەردەڕەشەی مەریوان بە کۆشی خاک ئەسپێردرێت. ماتەم تەواو کوردستانی گرت، کۆچی ئەم بلیمەتە نەک هەر زیانێکی گەورە و شوێنپڕەوەنەبوو بوو؛ بەڵکوو زیانێکی گەورە و کاریگەر بوو بۆ ئەدەب و کولتووری کوردی. ڕۆحی شاد و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت.

سەیید عیرفان خالیدی

مەریوان پاییزی ١٣٩١ کۆچی هەتاوی

خوێنەرانی هێژا!

ئێمە وەکوو ئەرکی سەرشانی خۆمان، هەموو هەوڵمان داوە تا بەرهەمێکی پوختە و ڕازاوە پێشکەشی ئێوەی ئازیز و ئەندامەکانمان لە ئێستە و داهاتوودا بکەین؛ بەڵام بڕوامان وا نییە کە فرمانەکەمان ڕەخنەهەڵنەگر بێت. کەوابوو دەستی ئەو کەسانە ماچ ئەکەین کە بەرپرسانە ڕەخنەمان لێ ئەگرن، یان ئەگەر نووسراوەیەکی ئەم شاعیرەیان لەلایە بۆمان ئەنێرن تا چاپی داهاتووی ئەم بەرهەمە بە هەوڵی گشتمان کامڵتر بێت. ڕێگاکانی پێوەندی لەگەڵ ئێمە لە پێناسەی کتێبەکەدا هاتووە (لاپەڕەی ٢).

بەشی کوردی

بەشی کوردی

وتوویژ له تەک دەوەن

دەوەن تـــۆ بـــۆچی کـــز و دامـــاوی
نەخۆشـینت هـەس، یـا تینـووی ئـاوی؟

هـــەرچیٚ تێبینـــی ئەکـــەم لـــەم بـــارە
فـەرقـی تـۆ نییـە لـە تـەک ئـەو دارە

بـڕوا ئـەو دارە چـەن گـەش و بـەرزە[١]
ئەشـــنییتەوە بـــە هـــەزار تـــەرزە

پـەل و پـۆ مەحکـەم، بـاڵا زۆر قـەوی[٢]
ریشـــەی کوتـــاوە بـــۆ نـــاخی زەوی[٣]

نـە هـەتاو نـە سـا، نـە سـەرما نـە بـا
بـە هـیچ شـێوەیٚ زەبـری پـیٚ نابـا[٤]

روونـە لـەلای مـن کـە تـۆ بـەڕواری
بـە بـیٚجیـاوازی، لـە جنسـی داری[٥]

---

١. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "بڕوا ئەو دارە چەن گەش و سەوزە"
٢. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "پەل و پۆ پتەو، باڵا زۆر قەوی"
٣. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "رەگی داداوە، بۆ بە ناخی زەوی"
٤. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "بە هیچ کلوزیٚ زەبری پیٚ نابا"
٥. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "بە بیٚ جیاوازی رەگەزی داری"

تۆ بۆچی دایم هەڵپرووکاوی
سەر و گوێ شکاو، باڵا زاماوی

پرژ و پەل بڵاو، چەوت و گرێدار[٦]
هیچ بەرزۆ نابی، خۆت بکەی بە دار

دەردی تۆ چییە خۆ بێئازاری
ئەڵێی چەوساوەی دەسی زۆرداری؟!

*

---

٦. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "پرژ و پەل بڕاو خوار و گرێدار"

وەڵامی دەوەن

خاڵە دەردی من زۆر ئاشکرایە
بۆت بەیان بکەم حاڵم بۆ وایە؟

جێگای ژیانم نزیک ماڵانە
بۆیە بەم جۆرە ژینم تاڵانە

لە بێ بەزە و هەست، نزیکە شوێنم
بەم نزیکییە، هەدەرە خوێنم!

سەری‌ساڵ وەختی ژیانەوەمە
کاتی پرژ و باڵ هێنانەوەمە

حەیوان و ماڵات ئەکەنە گیانم
ئەخورێ و ئەوەرێ، گۆپکەی ژیانم

فرسەتم نادەن لە ئێش و ئازار[٧]
تا باڵا بکەم، بۆ خۆم ببمە دار

ئازار ئەچەشم لە سەر هەتا ڕەگ
سوێم ئەبێتەوە، ئەچمە شەرای مەرگ

بە هیوای ژیان زۆر بە بەوبەختی[٨]
پرژ و باڵ ئێنمۆ زۆر بە سەرسەختی[٩]

---

٧. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "هیچ ماوەم نادەن لە ئێش و ئازار"

٨. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "بە هیوای دوارۆژ زۆر بە بەوبەختی"

تـا یـەم بـە خۆمـا بـۆ پـرژ و بـاڵێ
ئـەڕوانم وا هـات گۆشـت و خـوێن تـاڵێ

هــەر پــەلێم باشــە، بــە بــێ ڕەحمانــە
ئـــەیبــڕێ و ئـــەیبا ئـــەو بێئیمانـــە[10]

دوای ئـەو یـەکێتر، دوای ئـەو یـەکێتر
یەک بە شوێن یەکا، یەک لە یەک بەدتر

بـۆ پـەرژینـی بـاخ، بـۆ کـەپر و سـێبەر
بۆ حەوشە و پەرژین، بۆ پەرچە و دێبەر

بـــە بێبـــەزەیی ئـــەمبڕن، ئەمبـــەن
بـە تـەور و تـەوراس، ریشـەکەنمەکـەن

بـەم حاڵـە هێشـتا مـەئیوس نیم لـە ژیـن
ژیـان زۆر خۆشـە، حـەز ئەکـەم لـە ژیـن

پـێم خۆشــە منــیش وەک بــاقی داران[11]
لـە مەڵبەنـدی خـۆم، دوور لـە بـەدکاران

بـــژیم، بـــاڵا کـــەم، ببمـــە گـــەورەدار
خـاوەن بـارە بـم، بـێ ئـەرک و ئـازار[12]

. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "پرژو باڵ ئێتمۆ هەر بە سەرسەختی"
١. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "ئەیبڕێ و ئەیبا بۆ سەر تێلانە"
١. ئابەم شێوەیشە هاتووە: " حەز ئەکەم منیش وەک باقی داران"
١. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "دارێ بارەدار بێ ئەرک و ئازار"

تا رۆژێ ماوم بە سەر دنیاوە
شنەم بێ بە دەم شەماڵ و باوە

بە وورەی بەرز لە دژی زۆردار
هەڵمداوەتۆ تا ئێستە سەد جار[13]

هۆمێدم پەندی کوردانی هەژار
کە ئەڵێن دەوەن هەر ئەبێ بەدار؟!

بەڵام داخەکەم ماوەم نادەنێ
زۆردار لە ریشە دەرمئەهێنێ

ئەکەومە ئەوە لە خەم برەسم
تەور بە دەسێ ئەبڕێ برەسم

خاوەنم زۆرە؛ خاوەنی زۆردار[14]
بەش بەش کراوم؛ وەک کوردی هەژار

نازانم چییە و چ دەلیلێکە
هەر پەلم بە دەس ئێزاریلێکە!

بۆ هەرکەس لەمە هەلێ بەدەسکەوت[15]
رەحم و بەزەیی تەواو لێهەڵکەوت

---

١٣. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "باڵام کێشاوە خۆم بکەم رزگار"
١٤. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "زاڵمم زۆرە، زاڵمی زۆردار"
١٥. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "بۆ هەرکەس لە تەک فرسەتێ دەسکەوت"

بۆ هەرکەس لە تەک دەستی کەوتە کار
لە عاستی فەقیر، بوو بە گورگە هار

نازانم بۆچی دوو دەسی سروشت
دایم هەر چینی لاوازانی کوشت

بەڵام خاڵە گیان مەڵێ فەوتاوە
ورەم بەهێزە و رەگم هەر ماوە[١٦]

لەمە زیاتر کوشتەی زاڵم بم
گیرۆدەی ژینی سوێر و تاڵم بم

بۆ ئاکامی خۆم بۆ مافی رەوام
کۆڵ نادەم و هەر لە سەر ئەو بڕوام[١٧]

چاوەڕانی فرسەت و هەلم
بە پشتیوانی گشت هۆز و گەلم

هەتا هەتایە زۆر بکا زۆردار
رۆژێ هەر ئەبێ دەوەن بێ بە دار!

❋

---

١٦. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "هۆمێدم قەوی و رەگم هەر ماوە"

١٧. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "کۆڵ نادەم هەتا لەڕووی ئەم دونیام"

لایە لایەی خێزانم

رۆڵـــە لای لایـــە، کـــوڕم لای لایـــە
ئـەمشـەو بـۆچی تـۆ هـیچ خـەوت نایـە

رۆڵـــە ئـــەزانم هێشـــتا منـــاڵی
ســاوای نــەرم و شــل، بــەگڕوگــاڵی

بــەڵام تــەقالا و نیگــای تــۆ بــۆ مــن
خســتوومیەتە نــاو ئەندێشــەی بــێ‌بــن

هەرچـــەن چکۆلـــە و بەســـتەزمانی
ناشـــێ بـــۆ دنیـــا و ژینـــو بڕوانـــی

بڵـــێی لـــەم دنیـــا پـــان و هـــەراوە
بـۆچی دەس و پـێم موحکـەم بەسـراوە

لـە نێـو لانکـەدا بـەم جـۆرە قـەتیس
شـــەتـەک دراوم بـــە پـــەت و گـــوریس

گوایە چیم کـردووە، بەشـی کـێ ئـەخۆم؟
خۆ شـیری مەمکەی دایکی خـۆم ئـەخۆم!

هـــەی لایـــە لایـــە، رۆڵـــە لای لایـــە
دنیـــا زینـــدانی پیـــاوی ئازایـــە

رۆڵـــەی خـــرپن و دڵ پەرۆشـــەکەم
هێـــزی دوو ئـــەژنۆ، جگەرگۆشـــەکەم

پێـت بڵـێم بــۆچی ئەسـیر کــراوی
لــە نێــو لانکــەدا شــەتەک دراوی

تا خووی پێ بگری بە کۆت و زەنجیر
بە پەلبەسراوی، هیچ نەبی زویر

دەس و پێت لە ژێر کۆتا نەتەزێ
رەمەقت نەڕوا و دڵت نەلەرزێ

ئەو بەند و کۆتە وەک شێری برسی
ئالۆزت بکا و لە هیچ نەترسی

بۆ نیشتمانت بە دڵ بجۆشی
بۆ گرتنی ماف زیاتر تێکۆشی

هەی لایە لایە، رۆڵە لای لایە
پیاوی ترسنۆک حیزی گشت لایە

رۆڵە پەندی من بۆ خۆت و کاکت
بۆ پاشەڕۆژی ژینی رووناکت

ئەم دنیا کەوا تۆ پێت تێناوە
رەنگاوڕەنگ هەروەک بووکی رازاوە

زاهیری وایە نێوی گەنیوە
بە مەسەل هەروەک "زرکەی تەپیو"ە

ساوای وەکو تۆ تەجرەبەی نییە
ئاگای لە بەزم و گۆبەندی نییە

پیری وەک بابت تەجرەبەی زۆرە
ئەزانێ دنیاکە بنکەی زۆرە

بۆ ئەوەی رەنجت بگا بە سەمەر
ئەبێ سەربەخۆ "لە کەل بیتە دەر"

نابێ هیچ وەختێ هەڵ بدەی لە دەس
هاتوو ئەو هەڵە، قەت نەکەوتۆ دەس

داد بۆ ئەم و ئەو خووی پیاوی حیزە
کۆڕم مەسەلەس، "کەر بە نەقیزە"

دەخیل نامووست نەفرۆشی بە نان
سەرشۆڕ بوەستی بەرامبەر ویژدان

دەردی سەرشۆڕی، قەت چاری نایە
لە برسا مردن، لە چاوی شایە

دایکت بە هیواس کاتێ بوی بە لاو
لە ریزی پیاوا کەویتە بەر چاو

لە ژێر سایەتا بحەسێتەوە
وەک گوڵی تێراو بگەشێتەوە

وەک دایکانیتر بێ بەساحێب خێو
پاسەوانی بی لە جنۆکە و دێو

بە تیلایی چاو نیگای کرد هەرکەس
تێی هەڵەی هەتا ئەو پەڕی ئەتڵەس

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
"کوڕ عەسای دەسە بۆ باب و دایە"

ڕۆڵە بینابیم، ڕۆڵەی شیرینم!
سۆمای دوو چاوم دەوای برینم!

ئاخەرین پەندم زۆر پایە بەرزە
بۆ نیگاداری، جێگای ئەو، مەغزە

تـۆ و کاکـت بـڕۆن خوێنـدن بخـوێنن
مـافی گـەل و هـۆز خۆتـان بسـێنن

بـە خوێنـدن هـەموو دەرد ئـەبێ چـارە
بێسـواد وەکـوو کـوێری بێـدارە

نـەک وەک زاناکـان رابـوردووی وڵات
خۆتـان مەشـغوڵ کـەن بـە ئـەدەبیات[18]

یا تـەحقیق لـە سـەر فەلسـەفە و حیکمـەت
بەرهـەمیان نییـە؛ بـە غیـر از نەکبـەت

بـە شـیمی و فیزیـک، سـەرنج لـە مـادە
ئەسـبابی مـەردی ئـەبێ ئامـادە

بـە زوان بـە قەڵـەم بـە رەنـج و خـەبات
گیانتـان بـەخت کـەن لـە ڕێگـەی وڵات

بـۆ داوا و نـزا کـەس گـوێ نـاگرێ
حـەق ئەگـەر حەقـە، بـە شـەق ئەسـنرێ

ئەبـەد نـامرێ و نـاوی زینـدووە
ئـەوەی لـە ڕێگـای گـەلا تیـاچووە

هـەی لایـە لایـە، ڕۆڵـە لای لایـە
شـەرەف گەنجێکـە هـەر دوایـی نایـە

❋

---

[18]. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "خۆتان مەشغووڵ کەن بە ذات و صفات"

سکاڵا له دەس چەرخ

خـــوای بێشـــەریـــک! ئاگـــاداری دڵ
عـــەرزێکم هـــەیـــه بـــا نەیبەمـــه گـــڵ

ئـــــەم دنیـــــا ئـــــەڵێی تیاترۆیـــــه
راســـی نـــەماوه هـــەمووی درۆیـــه

گـــەوره تـــا بچـــووک پیشـــەی لارییـــه
راســـی ئـــەر مـــابێ دەردی کارییـــه

هـــــەموو یاســـــایه پێچەوانەیـــــه
مـــــرۆڤ رەوشـــــتی وەک دێوانەیـــــه

"شـــرع" وەرگـــەڕاوه کـــراوه بـــه "عـــرش"
خـاوەنفـام بـا هـەر سـک بـدا لـه فـەرش

مەســـەلـــەی شـــەرع و تـــەڵاق و نیکـــاح
بـــووه بـــه گاڵتـــەی گـــەوج و زەبـــەلاح

تـــووی ڕاســـی لـــه ڕووی بیســـات بـــڕاوه
پـــــەردەی نـــــامووس و حـــــەیا دڕاوه

پـــارەدار بـــۆ خـــۆی هەمـــەکارەیـــه
قـــازی گـــوێ لـــه مشـــت، پـــوڵ و پارەیـه

دزی میلیـــــــۆنی ڕێزلێگیـــــــراوه
دیـــــل و بەندەیـــــه، دزی ئافتـــــاوه

خـــوێنمـــژین زاڵـــم ئـــەڵێن هونـــەرە
قورئـــانخوێنـــدنی هـــەژار، تەشـــەرە

قسەی راس هیچ کەس گوێی بۆ ناگرێ
بـــە کـــار هێنـــراوە، درۆی بـــەکرێ

چینـــی شـــەرعزان، "عوامالناســـــە"
عەلامـــەی دەهـــر، مـــەلا تەوراســــە

ئـــەوەی تەمـــەنی بـــە ســـالا چـــووە
گاڵتـــەجاڕی لای لـــووس و بێمـــووە

لـــە نێـــو ئـــەم هـــەموو لار و ناپاکـــە
گـــەرەکتـــە بلێـــی، "ژاکـــاو" مەژاکـــە!

*

شانۆی یەکەم

دەسا فریشتە وازبێنە لە خاو
پێشانگای دونیا بهێنە بەر چاو

هەزاران منداڵ سەر و پێ پەتی
مل بە رەگێ بەن، برسی و عەزرەتی

هەزاران هەتیو چاو پڕ لە گریان
دەرگا و دەرگا کەر بۆ تیکەیە نان

چە کوڕ و کچێ، بێ دایک و بێ باب
بۆ بزەی لێوێ بوون بە کەباب

چەن ورگی برسی بە پشتا لکاو
رەق و کۆماوە زیز و حەپەساو

پیری چەوساوەی دەستی هەژاری
دایم لارەمل لە تاو قەرزاری

ژن و پیاوی پیر؛ وشک و رەش وەک قیر
بێدەخڵ و بێکار، بێڕەمەق زویر

لە بەر بروسکە و هەتاوی بێتین
وتوویژیانە سەبارەت بە ژین

دایکی منداڵی مەمک تۆزێ چەق
ساوا ئەیمژێ ئەڕوانێ زەقزەق

لــه گــوێ کوانــووا چوارمشــقەی داوە
بــە کــوڵی گریــان جــەرگی بــڕاوە

ســەدها پیرەژن، چەنێ چەرموو ئێسک
کاڵانــەی چــاوی پــڕە لــە فرمێســک

ســەدها گــەورە کچ کــە بێتــین مــاوە
هــەر تــەنیا کــوڵمی بــە جــوانی مــاوە

لای دەرگــا وەســتاو چــاو لــە گــوزەرە
بــۆ چارەنووســـی دەســـەو نــەزەرە

چەنها نەخۆشێ کەوتوو لە سک عەرز
بێدەوا وحــەکیم هــەڵچووقاوی لــەرز

بــە بێ ئەجــەل وا بــە فیــڕۆ ئــەمرن
ئەســپەردەی خــاک و کەنــدەری قــەبرن

چــەنــدە مامۆســای عەلامــە و بــەدیــن
خنکــاو بــە دووکــەڵ کــوێرەوری ژیــن

چــەن لاوی دلێــر ژیــر و هەڵکــەوتوو
لــەخت و لاو جــوان بــاڵا پێکــەوتوو

چــەن خــاوەن دڵــێ زینــوو و بێکــارن
وێــڵ و ســەرگەردان، لــە ژیــن بێــزارن

ئـەر سووسـە بکـەی کـە خـاوەن بیـرن
ئیتـــر زینـــدانی کـــۆت و زەنجیـــرن

چـــەن خوێنـــدەواری ژیـــر و بلیمـــەت
دەس و پـێ بەسـراو بـە زەنجیـر و پـەت

هـــەزار ناحـــەقی بکـــەی لـــە حـــەقیا
خـوا نـەکـا نـابێ، بـا بـێ بـە دەمیـا

ئـــەر ســـکاڵایە بکـــرێ بـــە ئاشـــکار
ئیتـر هـەر سـەرەو، ئـەچێ بـو سـەر دار!

❊

شانۆی دوهەم

ئـا لـەم شـانۆدا چیـت دێتـە بـەرچاو
هــەزاران گــاخۆر بـێبـەزە و ناپیــاو

هــەزاران سـکزل مـل کۆتـە قەسـاب
لــە ئاســتی ڕاســی لار و بێحەســاب

چەن لالـەوەڕێ، بـێدین و خـوێن مـژ
چەنـدە چڵکـاوخۆر بـێنـان و پیـاوکوژ

چــەن بــەر گــاراجی بێنــاوو نیشــان
را ئـــەبوێرێ بـــێئەزیــــەتکێشــــان

چــەنــدە عــەوامی لــە خـوا بێخەبــەر
مــەدرەک زانیــاری، عەبایــە و مێــزەر

چەنـدە خــۆفرۆش لــە ڕێ حــەق لارە
لــە بــۆ خــوێنمــژان فەرمانبــەردارە

چــەن دایکــە خـوگی بــەکـرێ گیــراو
لە بۆ داگیرکەر؛ نـەک چاوێ سـەدچاو

غــەرقن لــە نێــوی نــاز و نیعمــەتا
ئــەمیر و ئاغــا بــە ســەر میللــەتا

✽

شانۆی سێهەم

لــە شــانۆی ســێدا بیــری کــەرەوە
چــاوێ هــەڵبڕە لــە بــۆ ســەرەوە

بڵــێ بــە یــەزدان، خــاوەنی هەســتی
سـازەندە و ڕێکخـەر بڵندی و پەسـتی

حیکمــەتی چییــە ئــەم تــەفاوەتــە
ئـەم بـەرزی و نزمـی و ئـەم عەداڵەتـە

ئایـا گـاخۆر و سـکزل و خـوێنمـژ
یـا چڵکـاوخۆر و بێبـەزە و پیـاوکوژ

هــەر بەنــدەی تــۆن و فەرمانبــەردارن
بـۆ ئـەنجام دانـی ئـەمرت بـە کـارن؟

پاسـەوان موڵـک و سـەروەت و مـاڵن
خزمــــەتگوزاری خێزانــــی مــــاڵن

بۆیــە ســامان و مــاڵ و دەســەڵات
هـەمووی بۆ ئـەوان بـووە بـە خـەڵات

تیپــی چەوســاوە ڕۆژوو نــاگرێ
نـوێژ نەکـەرە و گوێ بۆ حـەق نـاگرێ

ناتپــەرەســتن و بێئــەمریت ئەکــەن
تـەنانـەت بـە کـرێش ئیشـت بۆ ناکـەن!

*

ئازادیخواز[19]

ئـــازادیخواز گـــری گـــری
کـەوتـە ژێـر پـێی درنـج پـەری

دێـوی گـاخۆری سەرسـەری
ئـــازادیخوازی ســـەربڕی[20]

میللـەتێ بـوون کـوردی هـەژار
چەوسـاوەی دەسـتی ئیسـتعمار

هانـا بـڕاو لـە زوڵـم و زۆر
وەک مـردووی دەرهێنـراو لـەگۆڕ

کـز و دامـاو و لارەمـل
دەسـە و نـەزر بۆ چـەن سکزل

لـە بـەر لرفـەی چـەن ملپـانێ
دایـم رەجـال تیکـەنـانێ

بـە شـەو بـە رۆژ بـە خۆکوشـتن
بـە بێپشـوو ئـارەقڕشـتن

گێـرە و کێشـە پـاس و بـەژار
بـە چـوار فەسـڵە خـەریکی کـار

---

١٩. لە سەر هەوای فولکلۆری کوردی "هەلالە برایمە گری گری"

٢٠. ئەم بەیتە ئابەم شێوەیشە هاتووە: "دێوی گاخۆری بەدفەساڵ
ئازادیخوازی نایە چاڵ"

له هاوینا له ژێر هەتاو
وەکوو گۆشتی نیوەبرژاو

زستانیش ئەو قوڕبەسەرە
چنگ و پەلی وەک کۆتەرە

ئابەم جۆرە خەریک کار بوو
چی بکا؟ هەژار و ناچار بوو

سوود و مایەی ئەم داماوە
بەرهەمی ئەم بەشخوراوە

هی خۆی نەبوو، بۆ سکزل بوو
ژن و منداڵی بێجل بوو

سەر بێڕەشتی، پێ بێکڵاش
مەسەلە "سەر ئاش و قنگ ماش"[٢١]

زستان بێنان، هاوین بێدۆ
تاڵانکراو و ڕەنجەڕۆ

لە بەر گورگی دەور و پشتی
پوڵێ نەبوو لە نێو مشتی

بەرهەمی خۆی و خێزانی
دەر و دەشت و دەخڵ و دانی[٢٢]

---

٢١. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "مەسەلە "خۆ ماش و سەر ئاش" "

٢٢. ئابەم شێوەیشە هاتووە: "دەر و دەشت و سفرە و خوانی"

گاخۆر تەواو هەمووی ئەبرد
ئەو لە دوورۆ نیگای ئەکرد

چەنای چەن ساڵ ئەم داماوە
ئا بەو رەنج و تەقالاوە

لە خەویش بیگوتایە بەش
بە شەق ئەخرایە کونە رەش

ئازادیخواز کری کری
کەوتە ژێر پێی درنج پەری

ئەم گەلە وا کە ئەیزانی
کە تیغ گەیشت بە ئێسقانی

راچڵەکا، هەڵسا سەرپا
رووی کردە نێو دۆڵ و چیا

دەستی دایە کوتەک و دار
بۆ بەر هەڵستی ئیستعمار

لە نێو دارسانی هەرد و کێو
خۆی قایم کرد لە جن و دێو

ئیتر ماوەی نەدا، گاخۆر
مافی ببا بە زۆڵم و زۆر

کارێ بکا خۆی و خێزان
وەکوو هەموو گەلی جیهان

لـــــه دێهــــات و شـــــار و دژی
بـــه ئـــازادی بـــۆ خـــۆی بـــژی

مەڵبـــەنی گـــەر، دەشـــت و کۆیـــە
هەر بۆ خۆی بێ، چوون هی خۆیە

چوونکـــە ڕەســـمی کـــول جیهانـــە
هــــەرچی چینـــە خـــاوەن نانـــە

ســـوور و ســـپی، هـــەم زەرد و ڕەش
بـــە گـــوێرەی خـــۆی بردوویـــە بـــەش

بـــۆچی ئـــەبێ هـــەر ئـــەم کـــز بـــێ
بەشـــی هـــەموو چـــز و بـــز بـــێ

ئـــــازادیخواز گـــــری گـــــری
کەوتـــە ژێـــر پـــێی درنـــج پـــەری

مـــاوەی چـــەن ســـاڵ بـــە بێوچـــان
بـــێ ڕێگـــا و جـــێ، بـــێ جل و نـــان

دژی گـــــــاخۆری تاوانبـــــــــار
خـــەباتی کـــرد بـــە بـــەرد و دار

کیـــــژی جــــوان، لاوی دلیـــــر
پیـــری بـــە هەڵمـــەت وەکـــوو شـــێر

بـــێ مـــانوو بـــوون لـــە هـــەرد و کێـــو
لاشـــەی ئەخســـت لـــە جـــن و دێـــو

لــــه بــــەر خــــوێنی لاوی جــــوان
لالـــــه ئـــــەڕوا لـــــه کوردســــــتان

لــــه تــــاو خــــوێنی کیــــژی ناســــک
بە گوڵی سوور، سوور بوو باسک

کۆڵنـــــەدەر بــــوو تێئەکۆشـــــی
زیــــاتر ئــــەبوو حیــــرس و جۆشــــی

رووت و قــــووت و تینــــوو و برســــی
لــــه تــــۆپ و تانــــک نــــەبوو ترســــی

داری داخســــــت لــــــه دەس گــــاخۆر
تــــەمێــــی کــــردن کــــزو سەرشــــۆڕ

لــــه مــــەڵبەنــــدی پــــان و هــــەراو
کوردســـــــــــتانی داگیرکــــــــــراو

جــــن و دێــــوی گســــک لــــێدا
چڵکـــــــاوخۆری نســـــک پـــــێدا

زۆری نـــــــەما چینـــــــی زۆردار
لــــــه لاوازی کەوتـــــه هــــــاوار

چـــــاره بـــــڕاو کــــز و ناکــــام
کرنۆشــــی بــــرد بــــو مامــــه ســــام[٢٣]

---

٢٢. ئەم بەیته ئابەم شێوەیشه هاتووه: "چارەی نەما باوی بولار
هاواری برد بۆ ئیستعمار"

ئازادیخواز گری گری
کەوتە ژێر پێی درنج پەری

ئیستعمار بێبەزە و دین
لە بۆ کوردان دڵ پڕ لە قین

چڵکاوخۆرانی پەنا دا
ڕەنجی کوردانی بە با دا

بە تێشاو و بە تێخوڕین
هەروەکوو سەگ کەوتە وەڕین

بۆ سوودی خۆی کەوتە پیلان
هەروەکوو یابوو ئەیحیلان

بە دەسەوبرد کەوتە فریا
بێجگە لەمە چارەی نەما

شاهەنشاه و سەیدە ڕەئیس
دوو چڵکاوخۆر، نەگریس و پیس

بە تەگبیری ڕێویە پیرە
بردنیان بۆ "الجزیرە"

هەر دوو کۆیلەی دا بە ئاشتی
شۆڕش کوردی کوشت و ناشتی

*

ئاواتی دڵ

خۆزگــە تــا مــاوم شــەوێ لــە خــەوما
ئـەبـووم بـە خـاوەن دنیـا تـا شـەبەق

شـەرتە بـە شـەرتی پیاوی بـە شـەرەف
بـە یـەزدانی پـاک بـە رەببـی فەلـەق

دارم دائەخســـت لـــە دەســـتی زۆردار
هـــەقم دا ئـــەنا، لـــە جێگـــەی ناهـــەق

دەســـم ئـــەنا بـــین خـــوێنمژ ئەمتاســـان
فـــەقیرم ئـــەکرد بـــە خـــاوەنی هـــەق

روونـــم ئـــەکردۆ درۆ و دەلەســـەی
سۆفی چاو قونجاو، دەروێشـی چاوزەق

دز و دەس‌بـــڕ و چەتـــە و جاشـــەکـــەر
هـەمووم بـەجـارێ، ئەدانـە بـەر شـەق

تـووی زەوی‌خـۆرم ئـەبڕی لـە بیسـات
گشـت کەسـم ئـەکرد بە خـاوەن نەسـەق

نـــوێنی جـــوانم ئـــەدا بـــە هـــەتیو
نەمئەهێشت بنوێ لـە سـەر عـەرزی رەق

زۆرگـــۆم ئەخســـتە ژێـــر بـــاری گـــران
هـــەتاکوو ئـــەیوت "اَللّهُ صَـــــدَق"

نەمئەهێشت برێک چاخ بێ بە لەوەڕ
برێک لە برسا بێ بە چەرمەڕەق

نەمئەهێشت زانا کەوێتە کوژبن
هەمە کارە بێ نەفام و ئەحمەق

ئەوەی کە فەتوای ناحەقی ئەدا
چەرمیم دەق ئەکرد وەک چەرمی لەقلەق

ئەوەی بەرنامەی ژینی ناهەق بوو
ئەمتۆپان هەتا پێی ئەنا لە هەق

نەمئەهێشت برێک تەلارنشین بێ
برێ لە سک عەرز وشک و بێڕەمەق

کارێکم ئەکرد هەتاهەتایە
کەس تووڕە نەبێ لە قسەی نەستەق

جا بمزانیایە ئەم دنیا جوانە
بەهەشتێ نەبوو پڕ شەوق و شەبەق؟!

❊

هەواڵی شاعیر

رۆشــــنه لــــه لام زۆر بـــاش ئـــەزانم
رێبـــواری رێگـــای دێـــێ خامۆشـــانم

فریشـــتەی جـــوانی لـــه مـــن تـــۆراوه
جنۆکـــەی پیـــری بـــووه بـــه میـــوانم

زۆری نـــــەماوه بگەمـــــه مـــــەنزڵ
جـــێ بـــیڵم مـــەئوا و منداڵــــەکانم

ئـاخۆ لـەدوای خـۆم ببـێ و رێکـەوێ
کەســـانێ بڵـــێن داخـــی داخـــانم!

یـــا خـــۆ لـــه کـــاتی بیـــرەوەرییـــا
چەپـــەڵ باســـی کـــەن نـــاو و نیشـــانم

کـاتی بـاس و خـواس لـه گـۆڕی تـەنگا
بـــه رەحمـــی خـــودا پـــاراوه زوانـــم

یـا وەک جاندرمـەی رووی ئـەم دنیایـه
چـاوم ئەبەسـن و بـەر ئـەبنـه گیـانم!

*

خوا لامان دا لە کەر

مەرجانەی جادوو بێ بە هاوسەرو
لیباسی گۆنی بکەیتە بەرو
خەرجی خێزانی کەوێتە سەرو
ناهۆمێد مابی لە دەشت و دەرو

بۆ شێوی شەوێ ئەو دەرودەر بی
چاکترە لەوە کە تووشی کەر بی

پیر بی تەمەنو بچێتە هەشتا
بووک بۆ چۆڕێ ئاو بچێ بە گژتا
کوڕ بتکا بە شوان لە دەر و دەشتا
هەڵتخولێنن لە خۆشی و وەشتا

ئەویش بێ جێ و ڕێ، بێژوورەسەر بی
چاکترە لەوە کە تووشی کەر بی

گەدایی و فەقر بتکا بە فاقە
لە قەرزا چەقیو تا بینەقاقە
خێزان بۆ کراس بتکا فەلاقە
دوو بڵێ شێتە و یەک بڵێ ساقە

کز و ناهۆمێد هەناسەسەرد بی
چاکترە لە وە کە تووشی کەر بی

سیل باریکو کا هەروەکوو سوزن
بە گولی و ئیسقا بی بە رموزن
بە فیتی فیتنە و درۆی درۆزن
شار بە دەرت کەن، بە دار بت کوژن

بەم حالۆ ئەگەر خاوەن نەزەر بی
چاکترە لەوە کە تووشی کەر بی

دەرکی زیندانت لە سەر دابخرێ
بێ تاوان حوکمی کوشتنو بدرێ
تاقانە کورو بە لاوی بمرێ
ماڵ و سامانو بە تالان ببرێ

پێت ئەلێم هەتا تۆ باخەبەر بی
چاکترە لەوە کە تووشی کەر بی

❋

شەڕنامە

ڕۆژێ زوقم و هەم سەرما بوو
پاڵتاوێکیش لە بەرما بوو

پێ بە کاڵە و دەس بە گۆچان
کەوتمە ڕێ بۆ گێگەچان

گەیمە بەرۆ هەر جۆرێ بوو
خەستە و مانوو چنگ لە گۆ چوو

لرفەلرف و لێوەلەرێ
ئادەی مامۆژ، چاییم بەرێ

لە دوای نەختێ کە حەسامۆ
لە بەر زۆپادا بووژامۆ

لە نێو دێدا بوو بە قیڕە
جنێودان و هەرا و نیڕە

لە ماڵ دەرچوین گەورە و بچووک
دیمان دوو دراوسێی عەقڵسووک

یەکێ بە ناو حەمەکەریم
ئەویان ڕەزا، هاوسێی قەدیم

لە سەر ئاودانی بزن و مەڕ
گەرەکیانە بیکەن بە شەڕ

حەمەکەریم وتی: ڕەزا
لێمی لادە شەڕ و قەزا

کەرتێتر بەم حەیوانانۆ
گوزەر کەی تۆ لەم بانانۆ

دنیا بەم حیزییە ناژی
یا ئەوکوژم یا ئەمکوژی

لە یەک برا دار و پردو
بۆ وا ئەکەی هەی سەگ مردوو

رەزا وتی: ئەم بانانە
وشکە بۆ ئەم حەیوانانە

خوارۆ قورە لێی دەرناچم
ریتالاوی ئەبێ قاچم

حەمەکەریم کردیە هەرا
چوو بە ژوردا لە بۆ تێلا

تاوێ دایە کلکە بێلێ
مێشکی رەزا هیچ نەیەلێ

رەزا هەروا بە ئاسانی
تێلای لە دەسی دەرهانی

دای بە سەریا سەری شکاند
هەر دوو رەگی ملی پساند

دوو پرخەی کرد درێژ بۆی کەوت
رەزا داری لە دەس داکەوت

بــوو بــه گریــه و شـــین و ڕۆڕۆ
حەمەکـــــەریم ئـــــای بـــــرا ڕۆ

ژن و پیـــاو بـــه یـــەکجـــاری
وەک تـــاوە تـــەرزە دابـــاری

هەریـــەک بـــۆ کۆمـــەکی لایـــە
هـــەڕای ئـــەکرد ئـــەتـــوت بایـــە

بـــه ســـەری ڕووت بـــه پـــێپـــەتی
شـــەڕ بـــوو بـــه شـــەڕی عەشـــرەتی

هـــەر لـــەو لاوە ســـمه گلـــه
هەڵیەخســـــتۆ وەک داملـــــه

هـــەر لـــەولاوە قالـــه نـــاوە
ئـــەتـــوت لـــه دوای گـــەل جێمـــاوە

هـــەر لـــەولاوە حســـەینه بـــۆره
ئـــەتـــوت هەنگـــه و داویـــه پـــۆره

هـــەر لـــه ژێـــردا بلـــه مـــاچۆ
ئـــەتۆ لاچـــۆ، ئـــەتۆ لاچـــۆ

ئانـــه چێشـــا و چـــێش بیـــەنی
ســـەرەوژوور هـــات هـــەر نـــەیبینی!

کـــوڕ ڕەحمـــانی بـــاوە حەمـــه
هاتـــه دەرۆ وەک تـــا دەمـــه

هـەر لـە ژێـردا فـەجـە وەسـە
خـۆی و خوشـکی ئەسـێ وەسـە

ئـەحا شـانێ ئـەحا کوڕنـوو
بـۆ شـەڕ کـردن لـە سـەر بیـانوو

خولـە عەبـە و خونچـە حـەنێ
مینـە شـەل و دایـە رەنـێ

حەمـە شـوکرە و رەحیمـە سڵە
ئافتـاو بـە خـوا ئـەتـوت گوڵـە

مامـە ئـەحمـەد بـە ڕەوتـی سـووکی
سـەعای کـوڕی و عەلـەی بـووکی

هـەر خـۆی ئەکوشـت داخـی قـەویم
کـاڵێی ژنـی حەمەکـەریم

ئـەو عەشـامە گشـت بـە یـەکجار
بـەربوونـە یـەک بـە بـەرد و دار

چـەن کەسـێکیش ناوجیکـەر بـوو
تـەقالایان بێسـەمەر بـوو

بـە نـاوبژی شـەڕ نەوەسـتا
هاواریـان بـرد بـۆ مامۆسـتا

مـەلا خێـرا بـە دەس‌وبـرد
هەستا سـەر پێ خـۆی گورجـۆ کـرد

قورئـــانی نایـــه ســـەر ســـەرۆ
بـــە ســـەڵوات دان هاتـــە بـــەرۆ

هـــاواری کـــرد: ئـــەهلی ئیمـــان!
بیکـــەن بـــە خـــاتری قورئـــان

یـــەکتر مـــەکوژن جیـــا ببنـــۆ
ئاشـــتی بکـــەن ئاشـــتۆ بنـــۆ

خـەڵکی چاویـان بـە قورئـان کـەوت
هـــەموو داری لـــە دەس داکـــەوت

لەبـــەر خـــاتر کـــەلامـــی خـــوا
گوریزیـان کـرد گشـت بـەرە و دوا

شـــەڕ کـــوژاوە خـــەڵکی ســـرەوت
حەمەکـەریم دوو مانـگ بۆی کـەوت!

❊

بۆچی ناخەوم

نازانم ئەمشەو بۆچی ناخەوم
لە داڵغە و خەیاڵ ساتێ ناکەوم

نازانم بۆچی خەوم رەویوە
دنیای سەنگینم لە سەر سەپیوە

گوایە من ئەبێ ئەمشەو بێدار بم
بۆ روونی شەبەق بەئینتیزار بم

ئەبێ وەک نەخۆش تەنگی دڵم بێ
لە نێو جێگەما تلاوتلم بێ

وا دیارە ئەبێ ئەمشەو بێدار بم
زووخاو هەڵرێژم تۆزێ رزگاربم

چوونکە شەو وەختی سکاڵای دڵە
وەختی شیوەنی بولبول بۆ گوڵە

جێی راز و نیاز ئەویندارانە
کاتی ناڵە و شین دەردەدارانە

*

جووتیاری و فەلا

ئەڵێن کە کاسب حەبیبی خوایە
ئەمە حەدیسە و راستەکەی وایە

بەڵام کاسبی کە جوراوجورە
لە نێو کۆمەڵا ئەنواعی زۆرە

کڕین و فرۆش یا خۆ حەماڵی
کارخانەداری هەتا بەقاڵی

شوانی و رەنجبەری، چەرچی و تاجری
دارتاش و جلدور، یا خۆ شاتری

نۆکەری و گزیر کوێخای ئاوایی
خادمی و سواڵی، یا خۆ مەلایی

ئەمانە و بڕێ پیشەی جۆربەجۆر
هۆی ژینی کۆمەڵ؛ زۆردار و بێزۆر

لە نێو هەموواندا پیشەی فەلایی
لە هەموو زۆرتر خاوەنی بایی

چوون کار فەلایی بێفڕوفێڵە
بێسوێن، بێدرۆ و بەبێدغێڵە

فەلای سینەساف بە دڵی بەسۆز
ئەرەق ئەڕێژێ بۆ گەل و بۆ هۆز

تــەنیا ئومێــدی هـــەر بــە خووایــە
بەهەشــت بــە بێشــک جێگــەی فەلایــە

خـۆی و جـووتی گـا و مـاڵ و منـاڵی
تـــەقالا ئـــەدەن بـــۆ کشـــت و کـــاڵی

بەرهــەمی فــەلای خـاوەن دەخـڵ و دان
ســوودی لــێ ئــەبا هــەموو چینــەکان

تــۆم ئــەوەشــێنێ ئەیداتــە دەس خــوا
ئــەڵێ ئـازاد بێ هەرکـەس لێی ئـەخوا

لــە ســەرمای پاییز لــە تــۆفی زســتان
لاســـامەی بـــەهار، خـــۆری تابســـتان

ئـیش ئـەکا و زەوی بـە گـا ئـەکێڵێ
هـــەوڵ ئـــەدا عـــەرزی بـــایر نـــەهێڵێ

وەختــێ ســەوز ئــەبێ بــە بێپشـوودان
خـــەریک بـــژار و شـــەوپات و ئـــاودان

درەو پـــێ ئــــەکا دەس ئەداتـــــە داس
درووێنــە ئــەکا بــە تــۆی یــەک کــراس

درک بــۆ دەســی، ئــارەق بــۆ چــاوی
گـــــەرما ببـــــڕە هێـــــز و هـــــەناوی

درەو تــەواو بــوو بــۆ کێشــە و گێــرە
خــۆی ئــەپرووکێنێ، ئــەڵی ســا دێــرە!

دوای کێشـه و گێرەی پڕ لـه مەینـەتی
ئـەمجارە خـەرمان نـۆرەی شـەنیەتی

شـان و قـۆڵ ئـەکوتێ ئـارەق ئـەڕێژێ
خەرمان سـوور ئـەکا بە کـەو ئـەیبێژێ

بەرهــەمی جووتیــار بەشــداری زۆرە
بەشـی خـۆی ئـەبا هەرکـەس بـە نـۆرە

لــە پێشــا دەدرێ ئاغــا و زاوتانــە
بــەراتی مــەلا، خــادم، کوێخانــە

زەکـاتی شـەرعی خـۆ ئـەوە دیـارە
بـە بێ قسـه و بـاس بەشـی هـەژارە

کـاتێ خـەرمانپێـو خـەرمان ئـەپێوێ
بەش خـۆی دائـەنێ ئـەویش ئـەیکـەوێ

ئەمجا خەرمانلۆخ، دوای ئـەوە شـوان
سـەلام مـام حـاجی، مـزەی ئاشـەوان

لەمانــە هــەرچی جێمــا بــە جــەواڵ
جووتیـار بـاری ئـەکا ئـەیباتۆ بۆ مـاڵ

هــەرچی جـێ مـابێ لـە نێـو کوتـەلا
راتبــەی فەقێیــە و بــەراتی مــەلا

ئــەمجا ســەرلەنـوێ فـەلای بێچـارە
لــە بــۆ وەرزێتـر ئامــادەی کــارە

*

مەڕ و بەرخ

ئێــوارە وەختــێ خــۆر نــەما لــە جــێ
رانــی ئــاوایی رووی کــردە نــاو دێ

هەر لەدوور مەڕێک بەجەخت ئەیباڕان
لــە کەڵــەخانیش بــەرخێک ئــەیقاڕان

تمــەس ئــەو بەرخــە، هــی ئــەو مەڕەیــە
ئــــەیزانی دایکــــی لــــە هاتنەوەیــــە

مــەڕی بەســتەزمــان چــووە نێو حەوشــە
دڵــی بــۆ دیتنــی رۆڵــەی پەرۆشــە

لــــە دەرکــــی گــــەوڕ فــــرە بــــاڕانی
ئــەیویســت ببینــێ رۆڵــەی زینــدانی

زۆر بــە تاســەوە چــووە بــەر چەپــەر
هاکــا بــۆ رۆڵــەی رۆحــی بێتــەدەر

ئەم لە نێو حەوش و ئەو لە کەڵەخان
لــە بــۆ یــەکترین هــەرچێکیان بــاڕان

کــەس رەحمــی نــەبوو گوێیــان پێنــەدان
مولاقــات مــەمنوع بــوو بــەرخی زینــدان

مــەڕ کــە ئــەیزانی هــەرچی تێکۆشــێ
بێســـوودە، ئــەبێ کابــان بیدۆشــێ

کەس نییە لە خوا و ویجدان بترسێ
دادی هەژار و فەقیر بپرسێ

گوێ لەم هاوارە، کەڕ و کەساسە
هەتا شیری ئەو ئەچێتە کاسە

بە ناعیلاجی جا لە نالّە کەوت
فرمێسک لە چاویا تکتک دائەکەوت

بەم حالّە وەستا تا کابانوو هات
بازەم هەر وەستا تا نۆرەی ئەهات

ئەمجا کێشرایە سەر کاسە بە شەق
شیریان دۆشی و مەمکی بوو بە چەق

لەم کاتا ڕێگای کەلەخان باز بوو
بەرخی دیلکراو بە دایکی شاد بوو

زۆر بە تاسەوە کەوتە ڕێ بەڕەوت
هات بە دووچۆکا و لە دایکی هەڵکەوت

وەختێ کە مەمکی دایکی گرت بە دەم
ڕوانی چەق بووە، دۆشیاوە سەرجەم

بەرخۆلەی ناکام هەڵسایە سەرپا
ڕووی کردە دایکی و وتی: مەرحەبا

پرسیارێکم هەس ڕاسم پێ بێژە
مەلّێ ڕۆڵەکەم نەفامە و گێژە

ئایـــا دایکـــانی ئـــەم ســـەر دنیایـــە
رەحـــم و بـــەزەیان هـــەروەک تـــۆ وایـــە

بـەختی کـام رۆڵـە وەک هـی مـن رەشـە
کـێ وەک مـن لـە نـاز دایـک بێبەشـە

هــەروەک فــرە ســات ناکەومــە بیــرت
ژەمێکــیش نــەبوو تێــر بــم لــە شــیرت

مـــەڕ وتـــی رۆڵـــە فامـــت بـــۆ وایـــە
سەرتاســـەر دنیـــا هـــەمووی هەروایـــە

کـــاری سورشـــت و دنیـــای غـــەددارە
چینـــێ بـــەش‌خـــوراو، چینێـــک زۆردارە

ئێمـــە ژێردەســـەی پـــیلان و داویـــن
کوشـتەی خـوێن‌مژ و بەدبـەختی نـاوین

بنـــە و بنەچـــە، هـــەموو هـــەژارین
دیلـــی ســـەرپەنجەی کـــاک ئیســـتعمارین

ئـــەمن چـــی بکـــەم لـــە پـــوورە خۆشـــێ
شـــیرەکەم ئـــەبا و بـــە شـــەق ئەمدۆشـــێ

ئەمیشـــــە باشـــــە دەردێ گرانتـــــر
وا لـــــە رێمانـــــا فـــــرە خراپتـــــر

ســالێ دووکــەڕەت تــەواو جــوان و پــاک
ئـــەمانبرنۆ بـــۆ بـــەرگ و پۆشـــاک

لەودوایش زانیان ئەوا پیر ئەبین
ئەماندەنە دەس قەسابی بۆدین

بۆ بەزە و رەحم سەرمان ئەبڕن
بە کاردی دەمتیژ سکمان ئەدڕن

هیشتا هەر زینووین پێسمان ئەکەنن
لیباسی ژینمان لە بەر دائەڕنن

ئاغای پارەدار لە گۆشتمان ئەبا
هەژاریش ئیتر با بە زگیا دا

بەرخ وتی: دایە! جا مادەم وایە
با بچین بۆ جێی کە پیاوی تیایە

مەڕ وتی: رۆڵە وازم لێبێنە
جەحارم زۆرە دەردم مەدوێنە

بۆ لای هەرکەس چین رۆڵە بە مەرگت
دوای بەینێ ئەویش ئەبێ بە گورگت

ئەمە نیشانەی دونیای غەدارە
هەرچی هەژارە تیکەی سەردارە!

❋

پیری دەسگیر[٢٤]

پیــری دەســگیرم ســەرکۆماری دیــن
ســەرچاوەی کــانی ســازگاری ژیــن

رانمــای شــەقام بــۆ شــاری ئــەوین
تاقانــەی نــازار بنەماڵــەی دیــن

لـە قـاپی تـۆدا هەرکـەس جێـی دەسکەوت
بە بادەی عەشقی ئەزەڵ سەرمەس کەوت

سەرخۆشـی وەهـا بێخـود لـە هەسـتی
وازهێنــەر نییــە لــە مــەیپەرەسـتی

لــەو بــێخودیـا ئــەچێ بـۆ هەسـتی
ئەنێتە ژێر پێ، گشت بەرزی و پەستی

بۆ سەرکەوتنی کۆشک و سەرای غەیب
خزمــەتکارانی بێڕیــا و بێعــەیب

تیــپتیــپ عــازمی خــەڵوەتخانەیــە
شـــانی فریشـــتە پلەکانەیـــە

شــانازی مــاڵ و ملکــی تەریقــەت
شــارەزای دۆڵ و شــیوی شــەریعەت

خـۆ منـیش بـەینێ بەیعـەتکارت بـووم
لــە ئاســانەکــەت خزمــەتکارت بــووم

---

[٢٤]. حەزرەتی شێخ عۆسمان سیراج الدینی ثانی پێنوستیە خەلاتی شاعیر ئەکا و فەرمێ: پێنوسە کە تاقی کەرەوە بزانە باش ئەنووسێ، شاعیر لە تاقی کردنەوەی پێنوسا ئەم شێعرانەی بۆ دێ.

نــابێ بگــەیین بــە عــیلم و عیرفــان
هــەر پێنووســەکەت بخەمــە گیرفــان

تــۆ کــە ســەرتاپای قامــەتت نــوورە
ئەفــەرمووی ئیســتا فلانــی دوورە

هەرچەن لە حەڵقەی بەزمت من دوورم
بــەڵام هــەر مــاوە فــام و شــعوورم

پێنووســت رازی دڵــم ئەنووســێ
چاوم بە فرمێسک دورریت ئەخووسێ

هەرکات ئارەزووی خزمەت بێتە بەر
لە لوولەی دەروون دوکەڵ دێتە سەر

رجام ئەوەیە شای شیرین کەلام
لــە بیــرت نــەچم، بــاقی والســلام

❊

عەیش و نۆش

ەندە بە عەیشی، چەندە بە نۆشی   تازەم زانیوە، عینوان ئەفرۆشی
خرخاڵی خرخاڵی   ناسک و نۆڵو منداڵی
کیژێ شەڵا تۆم بوایە   دوو شەوان بە حەلاڵی

ـەلاوێژەکەی، زۆر نازارەکەم   ئەستێرەی ئاسمان، پرشنگدارەکەم
بە ناخوونی لاکاوی   بە تیری موژەی چاوی
منی خستە نێو داوی   گیان دەرنابەم لە راوی

ەڵێم کە هاتی، دەردی دڵەکەم   لات ئەدرکێنم، تاقە گوڵەکەم
بەڵام وەختێ هەلاتی   وەک مانگی چواردەشەوێ
زوانبەسرا و چاونوقاو   دڵ و ناوک ئەکەوێ

خۆزگا بۆ جارێک، تەنیا من و تۆ   رێکمان خستایە، بەزمێک سەربەخۆ
لە چیمەن و گوێی ئاوێ   هەروەک جووتە زین ومەم
بە ئاسوودەیی تاوێ   دەس لە مەم و دەم لە دەم

❋

داره بن

داره بنێکم کز و بێچاره
بۆ خۆم رواوم لەو لانزاره

لق و پۆپ وشک و گەڵا نیوەزەرد
ئارامم نییە لە بەر ژان و دەرد

لە ناو دارانا من چارەڕەشم
هەموو برینە سەرتاپای لەشم

جێگای ژیانم وا لە لاپاڵە
مۆڵگەی پاتاڵە و رێگەی ئاژاڵە

هێشتا نەمام بووم، شلک و گەڵا شین
زۆر شایی بە خۆ، هیوادار بە ژین

پێم وا بوو ژیان گشتی شادیە
ئەلەریام بە شنۆی ئەو ئازادیە

لای من درۆ بوو زۆردار و بێزۆر
بۆم ئەفسانە بوو بزنی چرۆ خۆر

بەڵام زەمانە باش تێی گەیاندم
لەو خەوە خۆشەم زوو رایپەڕاندم

بزن قرتانی سەر و گوێلاکم
گێسک ئەیکروشت پوز و لوولاکم

بوو بە بەفری شیاوی و نەمام
جیا لە چەند رەگێک لە هەردا نەمام

لــه نــاوی بــردم شــەمامی وا جــوان
پشووشـــی نـــەدا بـــە بلــوێری شــوان

زانـــیم بـــەزەیی ناوێکـــە بـــەدرۆ
تــا بــزن هــەبێ هــەر سیســە چــرۆ

گــەلێک ســاڵی دیــش ئــەڕوام دووبــارە
تەماشـــام ئـــەکرد ئەمســـاڵیش پـــارە

بــەڵام هەردیســان لــە ســەرخۆ هێــدی
هۆمێــد بــەهێزتــر، لـــە ناهۆمێــدی

تـــا هەڵمئـــەدا هـــەر ئەخورامـــەوە
زۆر بــە سەرســەختی هــەر ئــەڕوامــەوە

لــە دەرفــەتێکا هــەلــم وەدەس خســت
دور لە مەڕ و شوان باڵا چووم بستبست

روام هـــەر روام بوومـــە گـــەورەدار
دارێ بـــەهرەدار، بـــێ ئـــەرک و ئـــازار

نــە چقڵــم هــەڵگرت، نــە ڕێگــر لــە کــەس
هــەر شــین ئــەبوومۆ زۆر ئــەبوو مەبــەس

هــەر ســاڵ بــەرەو مــن بــای ئەدایــەوە
خـــەڵفم بـــە قـــەزوان ئـــەڕازایـــەوە

کیــژ و کــوڕان شــۆخ، منــاڵانی وورد
میـــوانم ئـــەبوون قـــەزوانیان ئـــەبرد

خــەڵفــە و مێــوەکــەم، دیــاری دەزگیــران
پیرەکـــەم ئـــەبوە تـــەزبێحی پیـــران

لـە حیلکـە و گـەمان لـە خرمـەی دەمـان
گـەش ئەبوومـــەوە و خـــەمم ئـــەڕەوان

دەشـــنیامەوە لەگـــەل شـــنیای ئـــەو
سەرخۆشمی ئـەکرد قاسپەقاسپەی کـەو

ڕۆژێـک هەشـتەمـی سـێهەم مـانگی سـاڵ
ڕوانـیم وا لـە دوور، پیـاوێکی خـوێنتـاڵ

دابوویـە بـەر پـاڵ بـەرەو مـن ئـەهات
هـەنگاوێک ئـەنێ و دووجـار تـل ئـەدات

بـە ئوحـۆی ئۆحـۆی و بـەڵغم فـڕێ دان
بـــە ئـــارەق سـڕین، چڵکــن و بـێدان

گۆزەڵـە ئـاوێ، ئـەم دەس بـۆ ئـەو دەس
نۆبـەی پـێ ئـەکا بـە دوو سـێ نـەفس

یـــەخـــە دادڕاو ڕانـــک و چۆخـــە شـــڕ
لـــە خـــۆی بەســـتوە پـــڕ جـــەواڵێ قـــوڕ

تەشـــوێیە دەمپـــان تـــازە دەمـــەزەرد
بـــە کەمەریـــەوە بـــۆ ئـــازار و دەرد

هەناســـە بڕکـــێ گەیشـــتە لای مـــن
سـەیرێکی کـردم وەک سـەیری دوژمـن

کۆڵـــە قوڕەکـــە و گۆزەڵـــە ئـــاوی
لـــەولاوە دانـــا بـــە حەپەســـاوی

پـــاڵی پێـــوەدام کیســـە و قلیـــانی
لـــە بـــەر، پشـــتێنی شـــڕی دەرهـــانی

ئەوسا قلیانی لە تووتن پڕ کرد
بە پیف و چەخماخ ئاگری هەڵکرد

مژێکی لێدا و لەقاندی سەری
تۆزێکی روانی لە دەورووبەری

ئەم مژ تا ئەو مژ، دەس لە بنا گوێ
ئەیلۆراندەوە بەندی کۆنە و نوێ

دەم لە ناو دەم و دەس لە مەمانە
وەلێ بێ، خانم بێ، سیاچەمانە

لە ناکاو هەستا و لە بەژنی روانیم
زانیم، پەیدا بوو، دوژمنی جوانیم

دەستی راستی کرد وەبەر پشتێنا
لە لای پشتەوە تەشوێی دەرهێنا

بەرەو بنجی من هات بە رووتاڵی
مێشکی گەنیوی لە ویژدان خاڵی

قەڵتووبڕی کرد بەژنم بە تەشوێ
دادی بێچاران چۆن ئەگاتە گوێ؟!

گەلێک برینی گەورەی لێ کردم
لە ژان و دەردم سەیرە نەمردم!

تۆپە قوڕێکی هێنا هەڵشێلاو
شلی کردەوە بە لاوێچی ئاو

کاسەی قوڕی کرد لە ژێر برینم
ئەیگوت ژانی تۆ هۆیە بۆ ژینم

لە چۆڵ مامەوە بەو لەشی پڕ زام
بە هیچ کەس ناگا هاوار و نزام

لە لای چەپەوە لە لای راسەوە
فرمێسک و خوێنم ئەڕژا کاسەوە

کاسە گڵ پڕ بوون لە خوێناوی من
دڵۆپەی بڕا ئاوی چاوی من

پاش مانگێ کابرا هاتەوە بۆ لام
وەک جاری جاران سەرنجێکی دام

تەنەکەیێکی شکاوی پێ بوو
لە چواردەورم چەند کاسەی لێ بوو

بەم دەس و بەو دەس خێرا دەس‌وبرد
خوێنەکەی منی لە تەنەکە کرد

کە زانی زۆرە، زۆر گەشایەوە
بە هەنگاوی توند بۆی گەڕایەوە

خۆی رۆی و خوێنی لەشی منی برد
نازانم بۆ کوێ، یا خۆ چی لێ کرد؟

ئیتر ئەم حاڵە لە من بوو بە باو
بوو بە ژیانم وەکوو هەوا و ئاو

ئەوە پێشهاتی ساڵە و ساڵمە
هەموو بەهاران ئەمە حاڵمە

خوێنی لەشی من ئەگرن و ئەبەن
ژینی خۆیانی پێ دابین ئەکەن

بیر نابەن منیش خێوی ژیانم
بۆ ئازارم ئەدەن خۆ بێزیانم

ئەوە کەی دینە و بەزە و ویژدانە
بۆچی شیوەنم جێژنی ئەوانە

کێ ئەڵێ بەوەش وازم لێدێنن
رۆژێک ئەمبڕن و ریشەم دەردێنن

پاش ئەوەی خوێنم نەما بیمژن
یک بە دووان ئەڵێ بڕۆن بیکوژن

تەوەر بە دەست و بیور لە شانێ
گوریس لە پشت و هەمبانە نانێ

تفەنگ دستێک و چەند نقە ومڕین
زۆرم بیستووە تەقی داربڕین

دەمکەن بە خەڵووز یان بە بارەدار
دەمبەن بە دیاری بۆ پیرەژن شار

ئێستا دەبینم وا خۆڵەمێشم
کەوتوومە بەر پێ و ئاخ هەڵئەکێشم

❋

شەڕی ئێران و ئێراق

هەشت ساڵ لەمەوبەر، کافرێکی خول
سەری لێشێواو، تەوقی چوە مل

بێچاوساخ کەوتە هەنگاو کوێرانە
وەک بۆ ئەوین‌دار چۆڵە و وێرانە

بە خیاڵی خۆی سکزلی پێپان
پاش رەزا چۆڵە و وێرانە ئێران

ئەیویست کە بۆ خۆی ناودەربهێنێ
گوایە لە ئێران تۆڵە بستێنێ

بە شەڕ فرۆشتن لە تەک ئێرانا
ناوی دەربکا لە نێو جیهانا

کەس نەبوو بڵێ داکەوە بۆ خۆت
گۆڕ هەڵمەکەنە بە دەس خۆت بۆ خۆت

خۆت بۆ ناگیرێ تۆ لە مەسافا
مێشوله، مەچۆ بە قولەی قافا

ئاخۆ بە چی تۆ خۆتت خول داوە
بە چ زۆرێکۆ ئەسپت تاو داوە

نە خاوەن‌تەگبیر، نە دارای نامی
نە رێویە پیرەی، نە مامە سامی

ئەگەر بەمانۆ شانازی ئەکەی
بزانە تەک دەم شێر بازی ئەکەی

بۆ وا وەرەقەت لەلا گۆڕیاوە
مام سام و رێویش هەر دوو دۆڕاوە

لــە ســەرزەمینــی پــاکی شــەهیدان
وشـتر تـاو مـەدە سـەرخڕی گـوێ پـان

هۆشـت لـە خـۆت بـێ ئەخریتـە کـەنـاو
لــە ژیـن سـەر ئـەدا لافـاوی خوێنـاو

فریــب نــاو مــەخۆ نــاوت ســەدامە
واتــەی ناوەکـەت خـوێنڕێـژ تەمامـە

خــوێنی ئەرتەشــێ بــە تــۆ نــاڕژێ
مـەر لـۆتی دەروێش، غـەیرەز تـو بێـژێ

نــاڕژێ بــە تــۆ بــێمـوخی نــەفـام
خــوێنی ئەرتەشــی وســوپاهی ئیســلام

نــاڕژێ بــێتــەگبیر بێڕاوێــژ بێبیــر
بــێپشــتیوانی هاوڕێیــەکــی ژیــر

هــانیدا بڕێــک تکریتــی عــەرەب
کەوتنــە ڕێگــا بــە شــەوق و تــەرەب

ڕوو وە بێشــەڵان شــێرانی ژیــان
وەک یــەکێ بێـزار بـوو بـێ لـە ژیـان

واتــە هــەرێمی ســوپای ڕەزمەنــدە
ئەرتەشــی بــەهێز دوژمــن کوشــەندە

دوو ســێ فڕوکـەی خسـتە ڕووی هـەوا
چــەن راکتێکیــان بێهــەدەف تــوورا

وایزانــی ئیتــر بــەم دوو ســێ بۆمــە
مــەڵبەنـدی ئیســلام بــە خوێنـاو گۆمــە

سنووری شکاند بە جەسورانە
بە پێی خۆی هاتە نێو قەسابخانە

رەزمەندەی ئیسلام کە وەختیٚ روانی
دوژمن کەوتۆتە سەر رەجەزخوانی

سەدام و بەعسی هەر دوو بە پەلە
بە پیاڵەی ئاو، کەوتوونە مەلە

خوێنی سپاهی لەتەک ئەرتەشا
لە نێو قازانی غەیرەتا جۆشا

پیاوانە هەڵسان قۆڵیان هەڵماڵی
وەک لافاو دڕک و داڵیان داماڵی

دوژمنیان شکاند تەواو بەگشتی
یا بە دیلگرتی، وە یا خۆ کوشتی

سەدام کە زانی وا هەوا پەسە
نە هێزی وەستان نەچارەڕەسە

پەنای برد بە سوڵح یا بۆ کەیخوا
هانا بردن بۆ پیاوی خێرخوا

رێخراو نەتەوەی یەکگرتووی وڵات
خوێندن قورئان و حەدیس وئایات

چوون بۆ کەربەلا، نەجەف، کازمەین
راوێژ و تەگبیر، تەک فەهەد و حسەین

چوونە مزگەوتی شاری خانەقی
بۆ نوێژ خوێندن بە منافقی

تـــا قـــەتعنامـــەی ملـــەل بـــۆ ئاشـــتی
ژمـــارە پانســـەد و نـــەوەد و هەشـــتی

دەرچـــوو بـــە شـــوێنیا کـــرا ئاوربـــەس
ئـــەمجا ســـەدامـــی خـــوێنڕێـــژی ناکـــەس

جـــا ســـەدام چونکـــوو خوانـــەناس بـــوو
لـــە و تـــرس و لـــەرزە کـــەمێ خـــەلاس بـــوو

کـــەمکـــەم گەرەکیـــە بـــاقی بســـێنێ
بـــە جـــۆرێکیتر تۆڵـــە بســـێنێ

نافـــامێ ئەگـــەر خولاســـەی کـــەلام
مـــل رانەکێشـــێ لـــە عاســـتی ئیســـلام

هـــەموو زیـــاوەس ئـــەم قێـــڕە قێـــڕە
"ماســـی هـــەر وەختـــێ بیگـــری تـــەڕە"

لـــە بـــۆ تەڵەیـــە کـــە پێـــوە بـــووە
ڕێگـــای فـــەراری وا لـــێ وەن بـــووە

❋

گلەیی و قەسەم نامە

یـــا حـــەیی داوەر، یـــا حـــەیی داوەر
یـــا دروســـکەری جگـــەرەی شـــاوەر

یـــا روخێنـــەری بنـــەماڵـــەکان
ســەرگەورە و رەئـیس گشــت بەتاڵـەکان

یـــا کوژێنـــەوەی ئـــاوری وەجـــاخ
یـــا رۆشـــنکەری تـــاڵی قورمســـاخ

کـەریمی کەرسـاز کـار بـە دەس آسـان
چەنـــد خانـــەدانت لـــە برســا تاســـان

چەنـدە سـەرچاوەی روونـت کـوێرۆ کـرد
چـــەن میـــرەماڵـــت ســـەروژێرۆ کـــرد

چـــەن فێڵـەســووفت مرانــد لـــە داخـــا
دەسـتی چـەن ژیـرت چـەقـان بـە زاخـا

چـــەن زانـــا و ئـــەدیب، بـــە داخـــەوە مـــرد
تـــو خـــوا پـێم بڵـێ، بـزانم چیـت نـەکرد

بـــە خـــۆت ئەکـــەوێ ســـاحیب دەســـەڵات
فـــەوتانی نـــەجیب، تـــەرەفی بـــە لات

هیچکـــەس نـــاتوانێ وەک تـــۆ کـــار بکـــا
خەلیفـــە حـــەبیـــب فێـــری غـــار بکـــا

ئـازا حیز ئەکـەی، حیـز ئەکـەی بـە مـەرد
دەســـەڵات ئـــەدەی بـــە پیـــاوی نامـــەرد

شـاخ ئـەدەی بـە کـەر، بـزن کـۆڵ ئەکـەی
فاسـق دیـن درووس، حـاجی زۆڵ ئەکـەی

کـــار ئەســـپێری بـــە ســـەگ و ســـووتک
ئەمانـــەتی دووگ، ئـــەدەی بـــە کتـــک

دەسڕەنجـــی فـــەقیر ئـــەدەی بـــە زاڵـــم
دادی ناپرســـــی، هـــــەرەس بـــــە مـــــاڵم

نـــەجیب و شـــەریف بێکـــاری ئەکـــەی
لـــە چلـــەی زســـتان بـــێداری ئەکـــەی

عـــومرێکی درێـــژ مـــن هـــەوڵم داوە
لـــە فرمـــانی تـــۆ ســـەرم ســـوڕماوە

ئـــەوەی دڵـــی بـــۆ ئـــەولاد بجۆشـــێ
پێـــی نـــادەی ئەگـــەر دنیـــا بخرۆشـــێ

یـــا ئەگـــەر پێتـــدا زوو لێـــی ســـناوە
بـــە وەجـــاخکـــوێری ســـەرت پێنـــاوە

ئـەوە تـۆ ئەیکـەی نایـە لـە هـیچ کـەس
کەس کەی بە ناکەس، ناکەس کەی بە کەس

ئـــەوە ئەیکـــەی تـــۆ، وا لـــە بـــەر پێتـــە
مـــن بمکردایـــە ئـــەتـــوت پـــێم شـــێتە

قەسەمت ئەدەم ساحێب دەسەڵات
بە هەموو لایە، لە رووی سەربیسات

قەسەمت ئەدەم بە تاڵی زاور
بە قوڵتەی دیزە لە سەری ئاور

بە فرەڕێسی و چەناکەی شکاو
مارفی دەملەق، بێوەخت و ناکاو

قەسەمت ئەدەم بەمانە هەموو
بە سەر و گوێلاک "کەری ناو پەموو"

ئەوەندەی تۆزێ رەحم بە حاڵم
گەشەیە بدەی بە پرژ و باڵم

سوار ماشینم کەی تێکۆشم بە دەو
لە دەربەن دزڵی تفەنگ خەم لە کەو

ئەمجا لە دزڵی لە بەر ماڵ حاجی
وەرگرین ماست و هەم نانی ساجی

لەودوا سەرکەوین بە چەند کشەفش
لە کۆڵانەکە دەس کەین بە کشکش

لەودوا جێ بێڵین مەیدان گولاڵە
نەوەستین یەکشەق هەتا کەماڵە

لە بەینی رێدا لە خوار و لە ژور
شەش حەو نێرەکەو خەین لە تەوتلور

ئەمجار سەرکەوین بۆ پۆپەی لووتە
دووربینێ بخەین لە بانی تەتە

لەودوا جادەکە سەربەرەوخوارە
نەوەستین هەتا سەر حەوزەلارە

لەوێ پشوویە، کەبابێ، ئاوێ
بێئەلاقە بین لەم دنیا تاوێ

داخی داخانم

یاران رەفێقان شین و زاریمە
لە بۆ رابوردووم بێقەراریمە

دڵەی کۆسکەوتووم هەر لەسەر شەوقە
بەڵام بەدەنم سەری لێ تەوقە

وەک هەرزەکاریم دڵم بە هەواس
لە بۆ لەزایز دایم بە تەماس

داوام لێ ئەکا بە لەحزە و بە ئان
لە بەرگ، لە کردن، لە خواردن، لە نان

ئەمما وجوودم باش تێشکاوە
قووە و توانایی کاری نەماوە

قووەی جسمانیم لە لا براوە
لە هەموو شتێ هەر دەمم ماوە

تەنیا زبانم وەک جاران ماوە
بۆ زەمی خەڵکی تەواو پاراوە

زەمی پێ ئەکەم هەتا بتوانم
چ باکم لە دین، یا خۆ ئیمانم

ئەیهۆ دەمێکە دینم نەماوە
ئیمانم لە سەر ...م داناوە

داخی داخانم بۆ جاری جاران
هەرکەسم ئەگرت وەک گێسک ئەیباڕان

داخی داخانم بۆ ئەو زەمانە
عەیبم ئەیقوروسکاند هەروەک یەکانە

مـــالّم هەمیشـــە پـــڕ ژنـــە تـــۆراو
لـــە حاشـــاکەر و لـــە تـــەڵاقدراو

جـوان و ناشـیرین لـە هـەراو و تـەنگ
ئـاوس و قسـر، بـێهـەرا و بـێدەنـگ

لە دەورما بوون، خۆم خاوەنیان بووم
دایـم ئامـادە لـە خزمـەتیان بـووم

دایکـی منـاڵان خـۆی دەلاڵـم بـوو
جارجاریش بۆخۆی وەک پێچاڵم بوو

بـۆ تـەڵاقکـەوتوو، عـەلی جاشـم بـوو
کرایـەکـەی ئـەو وەک مەعاشـم بـوو

لـەوانـە موحتـاج بـە جـاش کـردن بـوو
هـەرکامیان جـوان و خـڕ و خـڕپن بـوو

دامئـەنا بـۆ خـۆم، عـەلی بـە حـەق بـوو
نیگـای کردایـە پـڕ کـۆڵی شـەق بـوو

وەختێکیش بـۆ دار ئـەچوە ئـەو هـەردە
لــە جێگــای ئـــەوا ئەچوومـــە پـــەردە

بەرخـە مەڕەکـە، سـێوی دەسـم بـوو
بێـوەژنـەکـان هـەموو کەسـم بـوو

حـەبیبـە نـاوێ لـە دوخمـە مـابوو
مـاوەی چەنـد سـاڵی لـە سیغەما بـوو

❊

شەهید

بە گـوێرەی ئایـەی کـەلامی مەجیـد
حەییـە و نـامرێ، زینـدووە شـەهید

نـاوی لـە چـوار پیـت بـۆ دانـراوە
هەریـەک نیشانەی یەک شێوە و ناوە

شـینی شـەرافەت، هـائی هیدایـەت
یـائی یـەقین و دالـی درایـەت

شـینت یـانێ هـا خـاوەن شـەرەفی
پـەیرەوی حـەق و باتـڵ تـەرەفی

پیتـی هـاء واتـە هـادی ڕێـی حـەقی
لـە بۆ ڕێـی تاریک هـەروەک شـەبەقی

یاء، یانێ یەقین ئەم ڕێگا پیا چووی
هۆیـە بـۆ ئـەوەی نـامری و زینـدووی

دال ئـەڵێ شـەهید خـاوەن درایـەت
ئـەم ڕێگـا بگـرە ئەگـەی بـە پایـەت

جـەزای خزمـەتتان بـۆ کـەس نـادرێتۆ
مَـن قَضـی نَحبَـهُ[٢٥]، ئێـوە ئـەگرێتۆ

❊

---

٢٥. بەشێکە لە ئایەی ٢٣ ی سوورەی ئەحزاب لە قورئانی پیرۆز

بەرخۆلە

لــــە دەوڵەتخانــــە پیــــاوێکی دەغـــەڵ
کۆمــەڵێ مــەڕی مــل ســوور و کــەژەڵ

لــە نــاو گــەوڕێکی دار و دیــوار شــڕ
تاریـک و بچـووک سـەرد و بـێئـاخوڕ

ڕۆژان بــۆ لــە وەڕ ئــەدران بــە شــوان
ئــەبران بـۆ کـەژ و دۆڵ و سـەر هـەردان

شــوانی لاکــردار بێبــەزە و ویــژدان
سەر و گوێی ئەکوتان، بە دار، بە گۆچان

لە ژێر تاوی سوور، ماوەی شەش سەعات
مۆڵیشــی ئــەدان تــا ســێبەر ئــەهات

بەرخۆلــە وتــی: دایــە تــۆ لــەکوێیت
بـۆچی دیـار نیـت خـۆ بـاوەژن نییـت

شــەو هــەتا بــەیان، بــەیان هــەتا شــەو
ئــەگریم بـۆ دووریـت سـاتێ نیمـە خـەو

بەشــی مــن بــۆچی زینــدان و بەنــدە
ئەمــە کــەی شـێوەی دایـک و فەرزەنـدە

مــەڕ وتــی: ڕۆڵــەم! ڕۆڵــەی بــەڕێــزم!
بــەنــەنی جــەرگم، توانــا و هێــزم!

تــۆ خــوا پـێم بڵــێ بــۆ وا زویــری
بــۆچی ئەگریــەیت لــە چــی دڵگیــری؟
...

*

تەبێعەت

گـەل هـەموو تێکـڕا دوشـمن پێکـەنین
دەسـەمل لـە تـەک شـیوەن و گـرین

سـالّی بێبـەهار، حەوتـەی بێپشـوو
لاو بێزەمـاوەن، کیژۆڵـە بێشـوو

داری بێسـەمەر، بـاخی بێگوڵـە
پیـر و جـوان هـەروەک چۆلەکـەی چلـە

یـەکێ ڕا ئـەکا، یـەکێ بـار ئـەکا
یـەکێ لـە ترسا شـارە و شـار ئـەکا

دەشـتی مـەریوان بـووە بـە کـەویر
دانیشـتووانی گشـت مـات و زویـر

ئـەو دەشـتە جوانـە وەک خـۆی نـەماوە
رزق و رۆزی ئـەو تـەواو گـۆڕاوە

بـۆ هـەر کـوێ ئـەچی وەک وێرانەیـە
رەسـمی تەبێعـەت پێچەوانەیـە

*

مامه

مامـــەی چەوســـاوەی دەس پینەپینـــە
تەبێعـــەت بـــۆ وا لـــەل تـــۆ بەقینـــە

ســـوچ و تاوانـــت بـــۆ بەدیهێنـــەر
چی بوو وا تۆی کرد پڕ لە دەردیسەر

وا دەرئەکـــەوێ قورســـایی ژیـــان
پشـتی کـردووی بـە کەفـەی گۆچـان

گرێـک نـەماوە لـە شـان و باڵـت
هـــەڵپرووکاوە خێـــزان وماڵـــت

ئایـا خـۆت دیـوە لـە نێـو ئاوێنـە
کـــە رواڵـــەتت چـــەن دڵتەزێنـــە؟

ناپیاویـت هـەبوو بـۆ خـەلقی خـوا
وا تـۆی خسـتە نـاو ئـەم دەرد و بـەڵا؟

❋

زانا

نـــاوترێ زانـــا، بـــەو ماموســـتایە
بــە خــەڵكـی بڵــێ دەرســی زانیــاری

زانــا ئەوەیــە لــە پـێش هــەموو كـەس
دەرس بــدا بــە خــۆی بــۆ ئاگــاداری

ئەگــەر وای نــەكرد ئــەو پزشــكێكە
گــەییوە بــە عــەرش نالــە و هــاواری

ئەر زانـای، ئـەمن هـەر بە خۆت ئـەڵێم
كــەر نییــە كەســێ، وا بــێ كــەرداری!؟

ئـەر ئـەڵیی بـەڵێ و وەرئـەگری پەنـدم
ئــەمجا لــە بــەر چــی وا بــەوڕەفتاری

"ژاكــاو" مەبەســتی ئــەو كەســانەیە
بە چاك و میزەر خۆی كردوە دیاری!

❊

بەشی فارسی

من چو مهموزم ز شقت سالمم با وصل تو

چون مضاعف گشته دردم دیگ دل تف می زند

بادو لعلی لفیف نرگس معتل تو

مرد ناقص لاف عشق از باب اجوف می زند

و مهموزم ز شقت، سالمم با وصل تو

ون مضاعف گشته دردم دیگ دل تف می زند

بادو لفین لفیف نرگس معتل تو

مرد ناقص لاف عشق از باب اجوف

دوبیتی

من چو مهموزم ز عشقت، سالمم بـا وصـل تـو
چون مضاعف گشته دردم، دیگِ دل تَف می‌زنـد
بـــا دو زلفــینِ لفیـــفِ نـــرگسِ معتـــلٍ تـــو
مرد ناقص لاف عشق از بابِ اجـوف مـی‌زنـد[۲۶]

❋

تک بیتی

یار مردان خـدا بـاش کـه در کشـتیِ نـوح
هست خاکی که به آبـی، نخـرد طوفـان را

❋

---

۲. شاید بتوان این شعر را اوج کار شاعر دانست؛ دوبیتیِ کامل که شامل محتوایی عمیق و تصویری
ق است و محمل آرایه‌های ادبیِ بسیاری است!

روستایی

در اقشارعالم بگشتم بسی
ندیدم چنو روستایی کسی

بلی روستایی همه ساده‌اند
بشاش و جوانمرد و آزاده‌اند

بگفتار بارد ز لبها شکر
به کردار دارد به دلها اثر

همه کار آنها زراعت بود
همه زندگیشان قناعت بود

بنام خدا هستش آغاز کار
به امید او هست دمساز کار

به گاه پذیرایی از میهمان
نظیرش نباشد این میزبان

به بیش و کم روزی خود شکور
مصیبت اگر آیدش بس صبور

رود گر ستم از کسی بر سرش
به یزدان حواله کند کیفرش

به همسایه‌ها مهربانند بسی
فداکاریی که نیاید ز کسی

به گاه ضرورت چنان باهمند
تو گویی که کلاً ز یک مادرند

به ایثار اموال و هم جان پاک
سلحشور با دشمن آب و خاک

تو گویی خدای جهان آفرین
جدا خلق فرموده او ده‌نشین

زن روستائی فرشته بود
خمیرش به عفّت سرشته بود

همه اوستادند در کارها
درخشنده، زیبا چو اِستارها

به‌آزرم باشند همه حور عین
دهستانی برتو هزار آفرین

توان گفت ایزد به صورتگری
زن روستا ساخته چون پری

گِل این جماعت جدا بیخته
حیا و شرف را در آن ریخته

عفـاف حیـا و شــرف را ببـین
بــه زیــر حجـابِ زن دەنشــین

سوای اینکه او خانــەداری کنـد
سر مزرعــه کشـت‌کـاری کنـد

بهنگــام شـــخم زمـــین و درو
ز مردان بەچـالاکی بـرده گــرو

به هر چه که دارند شـاکر بونـد
و گر چــه ندارنــد صـابر بونـد

بـرو سـیر کــن و روســتا ببـین
مســـلمانی دەنشـــین را ببـــین

صـــفات و ادای زکــاتش ببـین
خشوع و خضوع نمـازش ببـین

در اوصاف این قشر پاکیزه جان
بنان و قلم کُنــد و قاصـر زبـان

❋

حکایت

داشـــت عباسـقلی خـــان، وطنـــی
وطنـــی پــر گــل و بــاغ و چمنـــی

همـــه جـــای وطــنش زیبـــا بـــود
زیـــر و بـــالاش پـــر از دریـــا بـــود

بـــر ســـرش بـــود ز دریـــا تـــاجی
کـــه ز فیـــروزه بـــر آن امـــواجی

زیـــر پـــا داشـــت چـــه دیبـــا فرشـــی
چـــه گـــران قیمـــت و زیبـــا فرشـــی

در دلـــش پهنـــه‌ی دریـــای نمـــک
کوههـــایش همگـــی ســـر بـــه فلـــک

یـــک طـــرف کـــوه دماونـــدی بـــود
یـــک طـــرف رشـــته‌ی الونـــدی بـــود

در آن جایگه هم جاه و کوه و درخت
خـــورده پیونـــد بـــه همـــدیگر ســـخت

دســـت بـــر دامـــن جنگـــل زده کـــوه
بـــرده دل را ز جـــلال و شـــکوه

آب دریا بزدی گاه به گاه
بوسه بر پای گل و سنگ و گیاه

دخترک رخت تنش رنگین بود
دامنش چرخی چین در چین بود

نرم نرمک قدمی برمی‌داشت
در دل مزرعه شالی می‌کاشت

هر گه که به سویش چو نظر می‌کردی
باغ جنت به نظر آوردی

شهر شیراز پر از راز در آن
حافظ و سعدی شیراز در آن

شهر گل، شهر ادب، شهر سراب
شهر موسیقی و آواز و کتاب

وندر آنجا می‌کرد دخترک شیرازی
با دل عارف و عامی بازی

هر چه با او بخوری فالوده
نشود دامن او آلوده

آن طرف خطه‌ی خوزستان بود
همه جایش پر نخلستان بود

بـــرده دل از همـــه کـــس کـــارونش
ســـر بـــه ســـر ســـبزه‌ی پیرامـــونش

آن طرف دیگر به جـلال و بـه شـکوه
بـود جـاری بـه زمـین از سـر کـوه

پـــر دریـــا از بلـــم‌رانـــان بـــود
ســـرخوش از زمزمـــه‌ی آنـــان بـــود

عصـــرها بـــر ســـر پـــل پیـــر و جـــوان
شـــــادمانه گذراننـــــد زمـــــان

مشـــــرق و مغـــــرب آن مطلـــــوب
وطنی که همـــه جـــایش همـــه خـــوب

بـــس کـــه ثـــروت در آن کشـــور بـــود
واقعـــاً مـــرز پـــر از گـــوهر بـــود

روی خاکش همـــه جـــا معـــدن و کـــان
زیـــر خـــاکش همـــه جـــا نفـــت روان

تـــه دریـــاش پـــر از مرواریـــد
روی دریـــاش پـــر از قـــوی ســـفید

وه عجـــب آب گـــوارایی داشـــت
بـــاغ و بوســـتان مصـــفّایی داشـــت

*

سال ۸۴ می‌آید

نــه دگــر بــوی یــار مــی‌آیــد
نــه دگــر بهــار مــی آیــد
هر طـرف رو کنـی تـو در هـر جـا
بــوی جنــگ و فــرار مــی‌آیــد

موشــک مرگبــار مــی‌آیــد
ســال ۸٤ مــی‌آیــد

شــده دنیــا همــه جنــگ و جــدال
همــه خلــق جهــان شــده بیمــال
حــق بیچــارگــان شــده پایمــال
تــا گروهــی بهــم رســاند مــال

عیــد ســرمایه دار مــی‌آیــد
ســال ۸٤ مــی‌آیــد

هــر ابرقــدرتی ز یــک طرفــی
می‌زنـد تیـر خـود بـه یـک طرفی
تــو کــه از بهــر نــان میان صــفی
گــر بجنبــی ز تیــر او تلفــی

تیــرش از هــر کنــار مــی‌آیــد
ســال ۸٤ مــی‌آیــد

رهبران مثل افعی کژدم
نیش‌ها می‌زنند بر مردم
دلشان رفته پیش بمب اتم
کرده از این میانه خود را گم

جنگ سوم به بار می‌آید
سال ۸٤ می‌آید

هر ابر قدرتی شده حامی
بهر حفظ رژیم شاهنشاهی
تا کند قتل عارف و عامی
بدهد نفت را به آرامی

نفت‌کش‌ها قطار می‌آید
سال ۸٤ می‌آید

چشم خود شه حضرت ریگان
خانم تاجر، فلان، بهمان
هم جنس آندریف و میتران
ز آنچه نابود می‌کند ایران

پشت هم مستشار می‌آید
سال ۸٤ می‌آید

*



تێبینییەک:

شاعیری ناسکخەیاڵ، شێخ حەمەمارف، وەکوو لەم شیعرەی سەرەوەدا دەردەکەوێت داهێنەر بووە و بە بەرچاوگرتنی توانای زمانی کوردی بۆ ئاوازەکانی تایبەت بەخۆی، چوارچێوە و قاڵبی شیعری نوێی داهێناوە. بۆیە ئێمەیش ئەم شیعرەمان لە لاپەڕەی ٥٧دا وەکوو دەقی نووسراوەکەی شاعیر داناوە، تا ئێمەی کوردیش بڕوامان بە هێزی داهێنەری خۆمان لە هەموو بوارەکانا پتەوتر بێت.

خوالێخۆش‌بوو "حاجی فەتحوڵڵا تارام"، ساڵی ١٣٤٢ کۆچی‌هەتاوی



نموونەی وێنەکێشی شێخ حەمەمارف



شجرهٔ سادات حسنی مردوخی

رشته درگا شیخان

// نیزل و کانی میران

// زونج

// دادانه

// دری

// برده رشه

کۆکردنەوه و ڕێکخراوی

محەمەد ئەمین مەردۆخی

دانیشتووی شاری مەریوان

ساڵی ۱۳۸۱ی هەتاوی